# ئێمە هەقمانە دووجار نیگەران بین!

دیارە رفاندن، ئازارو ئەشکەنجەدان و دواتر کوشتنی کاکە سەردەشت و فڕێدانی لە شارێکی دی، تاوانێکی (مرکب) و قێزەون و لێسەندنەوەیەکی ناشەرعیی مافێکی بنچینەیی هەر مرۆڤێکە کە ئەویش مافی ژیانە. ئەم تاوانە، لەبەر قێزەونیەکەی، خەم و پەژارەیەکی زۆری لەناو خەڵکی سەرانسەری کوردستاندا نایەوەو بەشێوازی جیا-جیا هاتنە وەڵام. دیارە کارێکی ئێکجار راستە، کە هاوخەمی و هاوسۆزی لەگەڵ کەسوکاری کاکە سەردەشت نواندرا، بۆ ئەوەی متمانەی ئەو خێزانە بەو کۆمەڵ و دەوروبەرەی خۆی بێتەوە کە تیایدا دەژین. مسۆگەر، ئەو متمانەیە ئەو دەمە بە تەواوی جێگەی خۆی دەگرێت کە "بکەرانی تاوانەکە ئاشکراکران و گیران و درانە دادگە".

دیارە خەڵك هەقی خۆیەتی لەسەر ئازادییە فەردی و دەستەجەمعیەکانی خۆیان، بەشێوازی مەدەنی و ئاشتیخوازانە و قانونیانە کە دەستووری وڵات رێگەی پێداوە، بکەنەوە. لەبەرانبەریشدا، هەم سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەم حکومەت و هەم لایەنی تری پێوەندیدار هاوخەمی و بەپەرۆشی خۆیان دەربڕن و لیژنەی تایبەت بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە دابمەزرێنن و لە پەرلەمانیشدا، بەشێکی کارنامەی کۆبوونەوەی ١٢ی مانگ بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تاوانە ویژدانهەژێنە تەرخان بکرێ و لیژنەی هەمیشەیی تایبەت بەکاروباری ناوخۆو ئاسایش، بەوردی بەدوای ئەو رووداوەی هەولێرو رووداوەکانی تری سلێمانی بکەوێت.

تا ئێستا، بکەری ئەو تاوانە دیار نییە. هەموو مرۆڤێکی خەمخۆر و بەپەرۆشی ئەم کوردستانە، چاوی لەوەیە رۆژێك زووتر ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە بدۆزرێنەوەو بدرێنە دادگا. ئێستا، ئەو لیژنەیەو دەزگا پێوەندیدارەکان کەوتوونەتە بن فشارێکی زۆرەوەو دەبێ زوو یان درەنگ وەڵامێك بدەنەوە، چونکە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتیی تەناهی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە. بەڵام هەر یەکێك کە زانیاریی پشتراستکراوەوەی پێیە، پێویستە هاوکاری ئەو لیژنەیە بکات، چونکە لە سیاسەتی جینابیدا، هاووڵاتی وەکو هۆکارێکی پۆزەتیف سەیر دەکرێ کە لێرەدا نامەوێ لەو ئاماژە خێرایە زیاتری لەسەری برۆم.

ئەرکی راگەیاندن چییە؟

وەزیفەی میدیا ئەوەیە سەبارەت بەو تاوانەو هەر رووداوێکی تر، زانیاریی دروست و بابەتیی لە زمانی سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە بۆ خەڵك بگوازێتەوە، بەمەرجێ کاریگەریی نیگەتیڤی بۆ سەر لێکۆڵینەوەکان نەبێت. میدیا دەبێت خۆی لەوە بپارێزێت لەبری دادگا قەزاوەت بکات. نابێت خۆی لێ ببێتە قازی و بیبڕێنێتەوە، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی ترە ئەویش، دەسەڵاتی دادوەرییە.

لەهەمانکاتدا، هەقە میدیا (حزبی بێت یان ئەهلی) ئەگەر میللەتەکەی خۆی خۆشدەوێ و دەیەوێت خزمەتی بکات، دەبێت بە زمانێك چیرۆکی رووداوەکان بگێڕێتەوە کە کاریگەریی چەوت بەسەر خانە (نسیج)ی کۆمەڵایەتیدا بەجێ نەهێڵێت و بێ متمانەیی بە بنەماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەتوانستی دەسەڵات و لایەنە پێوەندیدارەکان لە پاراستنی هاووڵاتیاندا، بڵاونەکاتەوە. ئاخر، پاراستنی تەناهی و ئاشتی کۆمەڵایەتی و رەوشی گشتیی وڵات، کە تەناهی و سەقامگیری و بووژانەوەو .. دەگرێتەوە، یەکێکە لە ئەرکەکانی میدیا. لەکاتی رووداوە دڵتەزێنەکاندا، بەنموونە تاوانی کوشتنی کاکە سەردەشت، دەبێت میدیا زۆر بە وریاییەوە مانشێت و چیرۆکەکەی بگێڕێتەوەو خۆی لە وروژاندن و دنەدان و تۆمەتبەخشینەوەی بێ بنەما بەدوور بگرێ، بەتایبەتی کە هێشتا بکەری تاوانەکە نەگیراوە، یان نەزانراوە بکەرەکە کێیە، تا میدیا نەبێتە مایەی ئەوەی کە کەس متمانەی بەکەس نەمێنێ و تەنانەت ژیانی ئابووریی وڵاتیش تووشی بچێتەوە یەك. ئەوە هەم لەگەڵ قانوونی رێکخستنی کاری رۆژنامەگەری و هەم لەگەڵ ئیتیکی رۆژنامەگەریدا ناگونجێت و پێچەوانەیە. بەشێکی میدیای کوردی لەو تاقیکردنەوەیە سەرنەکەوت. نابێت بەپەرۆشبوونمان بۆ دەرکەوتنی راستییەکان و هاوخەمی نیشاندان، رووەکەی تر کە پاراستنی رەوشی گشتییە هەوڵ بۆ شیرازەترازانی بدرێ.

پێم وانییە کەسێك کە شارەزای گەمەی دیموکراسی و بنەماکانی بێت، بکارێت بڵێت ئەم دەسەڵاتەی لەسەرکارە و بەرپرسە لە هەرێمی کوردستاندا، دەسەڵاتێکی نیشتمانیی و شەرعی نییە. چونکە شەرعیبوونەکەی لەئەنجامی هەڵبژاردنێکی گشتییەوەیەو خەڵکی متمانەی خۆی پێداوەو هەر ئەویش دەکارێ موحاسەبەی بکات. واتە وەك هەر دەسەڵاتێکی نیشتمانی خۆی لەبەرانبەر خەڵکدا بەبەرپرسیار



ئاسۆ کەریم

(ئەندامی پەرلەمانی کوردستان)

دەزانێت. پێ لە کەموکوڕی و تەنانەت ئەگەر کەمتەرخەمییەکیشی بووبێت، دەنێت. بەڵام چ رەوای هەقە، رووداوێکی دڵتەزێن بکرێتە دەسکەلایەکی سیاسی بۆ ناوزڕاندن و بۆ بێ هەیبەتکردنی ئەو دەسەڵاتە، یان تاوانبارکردنی پارتی. ئەوە گریمان دەسەڵات بێ هەیبەت کراو رووخا، ئەرێ کێ جێگەی ئەم دەسەڵاتە دەگرێتەوە؟ ئەی شەرعیەتی سیاسی چی لێدێ!

کاری میدیای سەر ڕاست لەباری وادا ئەوەیە خەڵکی بەتایبەتی گەنجان وا ئاراستە بکات کە لەسەر نەزم و چالاکیی مەدەنی و قانوونی، دوور لە هەر توندوتیژی و پەرچەکردارێکی سۆزەکی، رابهێنێت. ناکرێ لە خۆمان بپرسین، ئەرێ لەو چەند رۆژەدا ئەوەمان کرد! ئەرێ ئەگەر میدیا و غەیری میدیا کارێك بکەن، متمانەی خەڵك بە پۆلیس، بە ئاسایش، بە پێشمەرگە، بە دادگا، بە پارتی و بە حزبەکانی تر، بە سەرۆکی هەڵبژێردراوی کوردستان کەمبێتەوەو شك و گومان و دڕدۆنگی جێگەی بگرتەوە، هاووڵاتی کوردستان قازانجی لێدەکات؟ ئایا چ رەوشێکی بێ سەروبەر دێتەئاراوە لەکاتێکدا کە هێشتا زۆر کێشەو دۆزی گرنگ و چارەنووسسازمان هەن بە هەڵواسراوی ماونەتەوە....

کەواتە ئێمە، هەقمانە دووجار نیگەران بین جارێ بۆ کاکە سەردەشتی جوانەمەرگ و جارێکی تریش بۆ باری گشتیی کوردستان کە ناحەزان لە ناوچەکەدا لێی پڕبوون.

گوڵان

www.gulan-media.com

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی













مۆدە جوانەکانی تازەی ماکیاژ



سەلاح حەسەن:
کادیری وەرزشی دەبێت خاوەن ئەزموون بێت





ماریا مەعلوف:
جوانی مەرجێکی گرنگە بۆ بێژەری ئافرەت

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan-media.com

☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ بەرگ
لوقمان ڕەشیدی

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

(٧٨١)
٢٠١٠/

# ئاسایبوونەوەی پەیوەندییە ئیقلیمیەکان سنورەکان کاڵدەکاتەوە

ئــەو دەوڵەتانــەی ئێســتا ئەندامی یەکێتــی ئەورپان و ســنور لە نێوانیان بوونــی نەماوە، هەر ئــەو دەوڵەتان کە لەسەردەمی شەری دووهەمی جیهاندا، بەشێك لەو دەوڵەتانە بەشێکی دیکەی دەوڵەتانــی ئەورپــای داگیرکردبوو، ئەڵمانیا و فەرەنســا کە بە دوو دەوڵەتە گەورەکــەی یەکێتی ئەورپا ناســراون و لەســەر ئاییندەی یەکێتی ئەورپا و فراوانکردنــی یەکێتی ئەورپا وەك یەك دەوڵەت بیر دەکەنەوە، لەشەڕی جیهانی دووەمدا ئەڵمانیا فەرەنسای داگیرکرد و پاریسی وێران کرد، دەوڵەتانی ئاسیان لە رۆژهەڵاتی ئاسیا کە ئێستا گروپێکی ئابوریــان لــە نێو خۆیانــدا پێکهێناوە ئەوانیش لەسەردەمانی شەڕی جیهای دووەهەمدا بەشێکیان بەشێکی دیکەیان داگیکردبــوو، بەڵام دوای کۆتایهاتنی شەر و دەســتبەردار بوون لە ئەقلیەتی شــەر و فراوانخوازی ئێستا دەوڵەتانی ئاسیان ئەو کۆمەڵە دەوڵەتەن کە لەسەر ئاستی ئابوری جیهان کێبرکێ لەگەڵ هەشت دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەی جیهــان دەکــەن، دەوڵەتانــی ئەورپای رۆژئاواش بە هەمان شــیوە بوون راستە لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەهەمدا ئەقلیەتی شەڕ و داگیرکاری بەسەریاندا زاڵ بوو، بــەڵام دوای کۆتایی هاتنی شەر بیرکردنەوەیەکی دیکە دەستی پێکرد کە پێویستە دەوڵەتانی رۆژئاوای ئەورپا لەناو یەکێتێکدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی نەبنە هێزێکی بچــووك لە نێوان ســۆڤیەتی پێشــان و ئەمریکادا، یەکێتــی ئەورپا هەتا کۆتایی هاتنی شــەڕی ســارد و رووخانی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی هــەردوو ئەڵمانیا بواری ئــەوەی نەبووە یەکێتیەکەی بەئاســتی ئێســتا فراوان بــکات، لەبــەر ئــەوەی لەبەشــێکی ئەورپا( ئەورپای ناوەراســت و ئەورپای رۆژهەڵات) ئەقلیەتی شەڕ و بروانەبوون بە دیموکراتی هێشتا بوونی مابوو، بەلام دوای ئەوەی شەری سارد کۆتایی پێهات و ئەو ئەقلیەتە لەو دەوڵەتانەشدا گۆڕانی بەسەردادەبینن بەجۆرێك یەکێتی ئەورپا فرابوون کە لەنێوان ٢٥ دەوڵەتدا سنوری هەڵگرت، ئێســتا دوای ئەوەی تورکیا دەستی بەپرۆسەی کرانەوە و دیموکراتی کردووە هەست دەکرێت هەنگاوی جدی بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی یەکێتی ئەورپا هەڵدەگرێت و ئێستا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی گۆرانکاری بەسەر ئەو چەمکەدا بێنێت کە پێشتر دراوسێکانی بەدوژمن دەزانی و ئێســتا وەك دۆست سەیری دەکات، ئەم هەنگاوانی تورکیا ئەگەر لــەم قۆناخەشــدا نەگەنە ئەو ئاستەی کە تورکیایی پێ ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەورپادا بەڵام ئاسیبوونەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دراوســێکانی بەگشــتی و هەرێمی کوردســتان بە تایبەتی دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەسەر ئاستی هەرێمی یەکێتیەکی بارزگانی و ئابوری ئەوتۆ بێتە ئاراوە کە سنورەکانی نێوان تورکیا وڵاتانی دیکە کاڵبکاتەوە، ئــەم هەنگاوانە بێجگە لەوەی لەرووی ئابوری و بازرگانیەوە رەوشــی هەموو وڵاتانــی ناوچەکە بەرێوە دەبات دەبێتە هەنگاوی یەکەمیش بۆ چەســپاندی ئاشتی و سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.



گوڵان
ژمارە (٧٨١)
٢٠١٠/٥/١٧

# کەواتە (زەردەشتی) ڕەنگدانەوەی سروشتی خۆمانە



فەلەکەدین کاکەیی

(٢-٢)

کەواتە: زەردەشت هەبووە و هەیە ئیتر پێویستی بە کەسێك نییە زیندووی بکاتەوە.

هەمیشــــە لەخۆ دەپرسم: ئاخۆ چییە ئەوەی ئێمە لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکاتەوە؟

بێگومان سروشــــتی ژینگەکەمانە (تەواوی نیشــــتمانەکەمانە)، کە لە کولتوورێکی زیندوو وەکو زەردەشتی بەرجەستە بووە.

جیاوازیمان لە باوەڕ بەم ڕاســــتییە ڕەنگە لە وشە و زاراوەو ڕادەی ســــەربەخۆیی فیکری و شارەزایی لە کولتووری و تێگەیشتن لە سروشتی ڕەسەنمانا بێ.

سەیر ئەوەیە کە ناشمانەوێ تێبگەین چونکە مێشــــکمان لە کولتوور و فەلســــەفە و ڕامانی خەڵکی تر تەژی بووە.

دووپاتی بکەمەوە، کە هەر کوردێکی هۆشیار دەزانێت سروشتی کورد لە سروشتی هەر نەتەوە و گەلێکــــی تر جیاوازە، زانینی ئەو ڕاســــتییە بەسە، تا پرســــیاری هەرە گرنگی بەدوادابێت: گەلۆ! ئەم سروشتە تایبەتمەندەی ئێمە چییە کە وەهای کردووە نەبین بە نەتەوەیەکی تر؟! ئەو ئەم ڕاستییە وەرنارگرێت.

با تاقی بکاتەوە(ئــەو جیا لە ئایدیولۆژیای سیاســــی و فەلســــەفی و پێگە و بەرژەوەندی چینایەتی کۆمەڵایەتی!)

خۆ زیادیش هەوڵیاندا لە هاوەنی نەتەوەکانی دیکەدا بمانکوتنەوە، بەڵام سروشتی سەربەخۆمان هەر وەك خۆی مایەوە! دەفەرموون: بۆچی نابن بە نەتەوەیەکی تر؟!

بەوە دەگەم کە زەردەشت ( و.. ئایین فەلسەفە و کولتوورەکەی )، خۆمان خولڨاندوومانە.

زەردەشــــت زادەی ئــــەم ژینگەیەیە، بە ئاوو خــــاك و کۆمەڵگا و مێژوو و زمان و کولتوور و ئەفسانەو ڕامانەوە.

هەروەکو هەر زاناو فەیلەســــووفێکی مەزنی دیکە خولڨاوی ئاو هەواو کۆمەڵگاو کولتووری نەتەوەی خۆیەتی.

چەند ســــەر دێنم و دەبەم.. هەر بەوە دەگەم: کە قــــەت مومکین نەبوو فەیلەســــووفێك وەك کونفۆشیۆس(چین) لە جزیرە و بۆتان پەیدابێ، هەروەها نەدەشــــیا ئەحمــــەدی خانی یا حاجی قادرێك لە ڕووسیا دەربکەوێ.

بێگومان چ ڕووســــیا یا چین یا کوردستان و هــــەر نیشــــتمانێکی دیکە زانا و شــــاعیر و فەیلەسووفی خۆیان هەبووەو هەیە.

بەڵام نەدەبوو زەردەشــــت لــــە ئەرجەنتین یا ئوســــترالیا لە دایك ببێ، چونکە ژینگەی ئەو وڵاتانە جیاوازن لە کوردستان و ئێران.

هەر بۆیەش دەبێ قبوڵبکەم کە فەیلەسووفێك وەك (هیگڵ) یا (نیچە) یا (مارکس) و ئەوانی تر، بۆیان هەیە تەنیا لەســــەر ڕیشەی سروشت و کولتــــوور و ژینگەیی وڵاتێکی وەك ئەڵمانیا دەربکەون. (هیگڵ) مومکن نەبوو لە (سەحرای ڕۆژاوای مەغریب یا لە (یەمەن) پەیدابێ.

ڕەنگــــە لەم بۆچوونەمــــدا، توانا و دەرفەتی هزری مرۆڤم سنووردارتر کردبێت. هەر بۆیەش، یەکسەر ئەپرسم:

- ئاخــــۆ جیهانگەرایــــی و خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیاری و پێشــــکەوتنی ئامرازی گەیاندن و تەقینەوەی زانستەکان.. ئاخۆ ئەمە نابێتە هێــــزی بزوێنەری مێژوو و، تێکشــــانی ســــنوور و لەمپەرەکانی نێوان گەلان و وڵاتان، کە هەزاران ســــاڵە وەهایان کردووە، هەر وڵاتێك بە هەموو توانای کولتوور و کەســــایەتی خۆی بپارێزێت؟

یــــا هەر گەل و نەتەوەیەك سروشــــتی خۆی دەپارێزێت و، ئەم تەوژمەش بەشێوەیەك کۆتایی پێ دێت؟

دەگەڕێمــــەوە ســــەر ئەســــڵی مەبەســــت کە(سروشــــتە)، وەکو وتمان. ئەم سروشتەش لە دوو دیاردەو ڕیشەی پتەووە ئاو دەخواتەوە: یەك نەتەوە (زمان و نیشتمان و کەلەپوور و هاونژادی و خاك و ئاو و ژنیگە بەگشــــتی)، دوو: ئایین، کە هەمان کولتوور و ڕامان و فەلســــەفە و دنیا بینییە.

واتە: هەزاران ســــاڵە چەندین گۆڕانکاری و پێشکەوتن بەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانەتی گەلانی دنیادا هاتووە، بەڵام ئەم دوو ئینتیمایــــە نەگۆڕاون، ئینتیمای نەتەوەیی و ئینتیمــــای ئاییــــنی (بە مانــــای فراوانی کولتوورەوە).

لە مێژووشدا دیارە کە هەر نەتەوەیەك ئەو دوو ئینیتمایە (یا یەکێکی ) لە دەست دابێت، فەوتاوە و نەماوە. ئەگــــەر مابێتیش ئەوە شــــێوەیەکی ئێجگار جیاوازی وەرگرتووە.

زەردەشــــتی، بۆ کورد و گەلە ئارياييەکانی دیکە، بە گشتی ئینتیمای کولتووری ماوەتەوە، بەڵام لەلای نەتەوەی کورد هەم کولتووری و هەم نەتەوەییە، بەتایبەتی کە ڕیشــــە زمانەوانیەکی زەق و ئاشکرایە.

لەوەش گرنگتر سروشــــتی کوردە، کە هەمان کولتووری زەردەشتییە.

لــــە چەندین وتــــاری دیکەش نووســــیوومە و ئێســــتاش دەیڵێمــــەوە، کە هەندێ ســــیما و خەســــڵەت و ڕەوشتی ســــەڵاحەدینی ئەیوبی و کەریمخانــــی زەنــــد و ســــەرکردە مەزنەکانی ســــەدەی نۆزدە و بیســــتەم، بە هیچ ڕێبازێك بۆم ڕاڤە و شــــیناکرێتەوە، مەگــــەر بەوەی کە ئەو پێشــــەوا و ســــەرکردانە، هەروەها شاعیر و بیرمەندە مەزنەکانمان، بە ڕێبازی (سروشــــتی زەردەشتییانە) ڕوونبکەمەوە.

خووڕەوشــــتی زەردەشــــتی لە ئێمە نابێتەوە، چونکە ڕەنگدانەوەی سروشــــتی خۆمانە. لێرەدا بــــەو برایانە ئەڵێم کە ڕەخنەمان لێدەگرن و دەڵێن کــــە ئێمەو مانان لە خۆڕایــــی ئاینێکی کۆنی لەناوچوو وەك زەردەشتی زیندوو دەکەینەوە.

دەڵێم: نەخێر.. ئێمە هیچ شــــتێکی کۆن تازە ناکەینەوە، بەڵکو دەربارەی کولتوورو سروشــــتێك دەدوێین کــــە (هەمان خۆمانیــــن) واتە: قەت پێویســــت نییە و دروســــتیش نییە ئەگەر بڵێین ئێمە ئایینی زەردەشــــت دەبووژێنینەوە، ئەمەیان مومکین نییــــە، بەڵکو پێویســــتیش ناکات .. چونکە کولتووری زەردەشــــتی هەر هەبووە لەم خــــاك و ئاو و هەوایەدا، ئێســــتاش خۆمان لەو بازنەیــــە دەبینین. دەرنەچووینە. ناشــــتوانین بە ئاسانی لەخۆمانی بکەینەوە.

ئەوە ئێمەین. زەردەشــــت ئێمەین.. خۆمانین.

ئەسعەد تركی سواری برای سائر تركی سوارییە كە رژێمی پێشووی بەعس لە سێدارەی داوە و یەكێكە لە نزیكەكانی بنەماڵەی سەید محەمەد باقر سەدر و ئێستا ئەمینداری گشتی دامەزراوەی سەدرەینە بۆ دیراساتی ستراتیژی و لەكاتی رووخانی رژێمی پێشوودا هەموو دۆسیە پێوەندیدارەكانی بە شەهید سەدر دۆزیوەتەوە، لەم بارودۆخەدا كە دەنگۆی ئەوە هەیە محەمەد جەعفەر سەدر یەكێك بێت لە پاڵێوراوەكانی پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی عێراق، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ قسەكردن لەسەر باری سیاسی هەنووكەیی عێراق، بەڕێز ئەسعەد تركی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

(ئەسعەد تركی سواری) ئەمینداری گشتی دامەزراوەی سەدرەین ؛بۆ گوڵان:

# گەورەترین گرفتی عێراق یاسای هەڵبژاردن و یاسای حزبە سیاسییەكانە

*** ئەگەر لەڕوانگەی سیاسییەوە بۆ هەلومەرجی ئێستای عێراق هەڵسەنگاندن بكەین، ئەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە چارەسەركردنی كێشە سیاسییەكان لە عێراقدا كارێكی زەحمەتە، پرسیارەكە ئەوەیە هۆكاری ئەم دژواری و زەحمەتیە بۆچی دەگەڕێننەوە و بۆچی دۆخەكە ئەوەندە بەسەریەكدا ئاڵۆزكاوە؟**

- لە راستیدا ئەو هەلومەرجەی ئێستا لە ئارادایە هەر هەمووی دەرئەنجام و دەرهاویشتەی پێشەكییەكی هەڵەیە، مەبەستم ئەوەیە لەبەرئەوەی رووخاندن و راماڵینی رژێمی پێشوو لەلایەن هێز و لایەنێكی دەرەكییەوە ئەنجامدرا، ئەوا پێویستە خەڵكی عێراق باجەكەی بدەن، چونكە خەڵكی ئەم وڵاتە بەرپرسیارێتی لابردن و رووخاندنی رژێمەكەیان لەئەستۆ نەگرت، بەڵكو ئەم كارە لەلایەن دەستێكی دەرەكیەوە جێبەجێكرا، ئێمەش دەزانین ئەو وڵات و لایەنە دەرەكییانەش دامەزراوەی خێرخوازی نین، بەڵكو بەرژەوەندی و بەرنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لە دۆخ و دیمەنە سیاسییەكە بڕوانین-كە ئێمە لێرەدا باس لەو بنەما فیكری و فەلسەفیانە ناكەین كە پرۆسە سیاسییەكەی لەسەر بنیاتنراوە- ئەوا دەتوانین بڵێین چەند هۆكارێك بەرپرسن لە هێنانە ئارای ئەم هەلومەرجە، یەكەمیان سیستمی هەڵبژاردن و دووەم یاسای حزبەكانە، چونكە ئەگەر یاسای



حزبەكان پیادە بكرێت، ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی حزبی موئەسەساتی دروست بێت، بە پێچەوانەی ئەو پارتە سیاسییانەی ئێستا لە ئارادان كە پارتی تاكەكەس و شەخسێكی دیاریكراون، واتە لە شێوەیەكی هەرەمەكی هەڵگەڕاوەدان بە چەشنێك لەگەڵ نەمانی ئەو كەسایەتییەدا، پارتە سیاسییەكەش هەرەس دەهێنێت. هەروەها سیستمی هەڵبژاردنەكەش بۆتەهۆی ئەوەی لەبری ئەوەی هەڵبژاردنەكان وەك وڵاتانی دیكە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بێت، ئەوا پۆست و پلە و پایەی تایبەت، لەبەر ئەوەی ئەو رەمزانە رازی نابن پۆستێكی نزمتر یان كەمتر وەربگرن. لە لایەكی دیكەوە ئەم حاڵەتە بۆتەهۆی ئەوەی كێشە دروست بێت لەسەر ئەوەی چ لایەنێك ئەركی پێكهێنانی حكومەتی پێ بسپێردرێت، ئایا لایەنی براوە لە هەڵبژاردنەكان، یاخود ئەو لایەنەی گەورەترین كوتلەی پەرلەمانی دروست دەكات، لە یەكەم دانیشتی پەرلەماندا. كەواتە كێشەكان لە سیستمی هەڵبژاردن و لە یاسای حزبەكاندایە كە هۆكارێك بوون بۆ لاوازی ئەدای سیاسی و نزمی ئاستی بەشداری كردن لە هەڵبژاردنەكاندا. یەكێكی دیكە لە مەسەلەكان بریتییە لە پێكهێنانی ئەو حكومەتەی پێی دەوترێت حكومەتی شەراكەت، لەكاتێكدا ئەمە لە ناوەڕۆكدا حكومەتێكە لەسەر بنەمای تەوافوق و موحاسەسە بنیاتنراوە، بەڵام ئەوان دەیانەوێت خۆڵبكەنە چاوی كێ و بەشاردنەوەی ئەم راستیە كێ هەڵبخەڵەتێنن، كە هەر ئەمجۆرە حكومەتەش هۆكاری خراپی ئاستی دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان و دروستكردنی خاكێك یان كەشێكی بەپیتە بۆ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوە و تەشەنەكردنی گەندەڵی دارایی و ئیداری. مەسەلەیەكی دیكە پەیوەستە بە نەمانی متمانە بە پرۆسە سیاسییەكە، ئەمەش ئەو كاتە روودەدات كە خەڵكی هەست دەكەن یاخود دەگەنە ئەو قەناعەتەی كە بەشداریكردنی ئەوان نابێتەهۆی گۆڕینی ئەو لایەنە سیاسییانەی كە لە دەسەڵاتدان یاخود نابێتەهۆی گۆڕینی ئاڕاستە و قیبلەنمای پرۆسە سیاسییەكە. لەبەر ئەوە پێموایە چارەسەركردنی ئەم كێشانە بە پێكهێنانی حكومەتێك دەكرێت كە لەسەر بنەمای زۆرینە پێكهاتبێت، بە چەشنێك

لایەنەکانی دیکە سەنگەری موعارەزە بگرن لە پەرلەماندا، بەڵام ئەویش بە دوو مەرج، یەکەمیان لە هەر وەزارەتێکدا پشکنەرێکی گشتی هەبێت (مفتش عام) کە لە لایەن موعارەزەوە دامەزرابێت، مەرجی دووەم یەکسانکردنی ئیمتیازاتی ئەندامانی هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵپەو پەرۆشییەی بۆ بەدەستهێنانی پۆستەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە ئارادایە بوونی نەمێنێت.

*** مێژووی عێراق هەر لە دروستبوونییەوە تاوەکو رووخانی رژێمی سەددام مێژووی حکومڕانێتی کردنی کەمینەیە، ئاشکرایە ئەم حکومڕانێتییەش خەسڵەتی کرانەوەو دیموکراسی هەڵناگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە نەبۆتەهۆی ئەوەی نیگەرانی و بێ متمانەیی لە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا دروست بکات؟ ئایا چۆن دەتوانرێت کار بۆ دروستکردنەوەی ئەو متمانەیە و کولتووری پێکەوەژیان بکەین؟**


- ئێمە دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت کە لە دوای رووخانی رژێمی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا، دوو کاردانەوەی جیاواز لە ئاست رووداوەکان لە ئارادابوون، کاردانەوەی تائیفەی ئیمامی کە لە شیعەکاندا خۆی دەبینیەوە، لەگەڵ کاردانەوەی تائیفەی غەیرە ئیمامی کە بریتییە لە سوننەکان، مەبەستم ئەوەیە شیعەکان هەستیان کرد دوای ١٤٠٠ ساڵ دوورکەوتنەوە لە دەسەڵات – ئەگەر لێرەدا ئێمە بۆ مێژووی دوور بگەڕێینەوە- هەروەها دوای ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتی بەعس کە دوورخرابوونەوە و پەراوێزکرابوون، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە کاتی ئەوەهاتووەو جڵەوی کاروبارەکان، جڵەوی دەسەڵات و حکومڕانێتی بگرنەدەست. لەکاتێکدا سوننەکان باوەڕیان وابوو ئامانجی شیعەکان لە گرتنەدەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی تۆڵەکردنەوەیە لە سوننەکان. کە ئێمە لێرەدا دەبێت ئەو راستیە بڵێین کە راستە ئەو دەسەڵاتەی پێشتر لە ئارادابوو بە شێوەیەك وەسفدەکرا کە دەسەڵاتی سوننەکان بێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بە وردی دەستنیشانی بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین دەسەڵاتی سوننەش نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتی گوندێك بوو، لەوەش زیاتر دەسەڵاتی تاکەکەسێك بوو. هەروەها هەر ئەو دەسەڵاتە بوو کە تۆوی دووبەرەکی و فیتنەی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا چاند و هەر ئەوەش هۆکاری بێمتمانەیی نێوان ئەم پێکهاتانەیە. لێرەدا ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ بارودۆخی ئێستا، ئەوا پێموایە خەڵکی عێراق ئەو راستیەیان بۆ روون بۆتەوە کە ئەو کەسانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کار بۆ خزمەتکردن و هێنانەدی بەرژەوەندی تائیفەکانیان دەکەن، دوورن لە راستیەوە و ئەوان تەنیا پەرۆشی بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیانن، لەبەرئەوە هیچ رێگری و کۆسپێك بەدی ناکەم لە بەردەم عێراقییەکاندا کە متمانەی خۆیان بە لایەنگەلێکی سیاسی دیکە ببەخشن، بۆ ئەوەی ئەوان هەڵبستن بە راپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە خزمەتگوزارییانەی کە پێشتر خراونەتەڕوو، هەروەها هیچ شتێك رێگر نییە لەوەی ئەو لایەنە سیاسییانەش کار بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خەڵك بکەن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بە چەشنێك بتوانن ئاڕاستەی پرۆسە سیاسییەکە بگۆڕن.

*** لایەنێکی دیکە هەیە لە مێژووی عێراق، ئەویش بریتییە لەو کودەتا و راپەڕین و حکومەتە عەسکەریانەی لە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨ تاوەکو رووخانی رژێمی سەددام روویاندا، کە ئەمەش ئەو پرسیارە دروست دەکات ئایا ئەو پەنجا ساڵەی رابردوو تا چ رادەیەك بوونە هۆی چەسپاندنی کولتووری دیموکراسی لە عێراقدا؟**

ئێمە دەزانین کە لەبەرئەوەی زۆرینەی خەڵکی عێراق ئیسلامن- کە لە چەند بۆنەیەکدا ناسنامەی ئیسلامی بوونی خۆیان دوپاتکردەوە- حوکمی زۆرینە رەتدەکەنەوە و باوەڕیان وایە حوکم تەنیا بۆ خوایە، لەبەرئەوەی هەروەك لە قورئانی پیرۆزەدا هاتووە «ان تتبع اکثر من فی الارض یظلوك عن سبیل الله»، « وما اكثر الناس و لو حرصت بمؤمنين» هەروەها « واکپرهم فاسقون» «بل اكثرهم لا يؤمنون»، بەڵگەی روونن کە ئەو زۆرینەیەی هەڵدەبژێردرێت هەمیشە هەوڵی هێنانەدی ئامانج و ئارەزووەکانی خۆیان دەدەن و مەرج نییە کار بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییە باڵاکانی میللەتەکەیان بکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پێی دەوترێت زۆرینە لە راستیدا بە زەبری بەکارهێنانی سەرمایەو خستنەگەڕی دەزگاکانی راگەیاندن هەڵدەستێت بە گۆڕینی قەناعەت و بیروبۆچوونی خەڵك، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی لە کۆتاییدا دەسەڵات بکەوێتە دەست کەمینە کە سەرمایەیان بە دەستەوەیە. هەر لە هەمان چوارچێوەیەدا، دەتوانین ئەوە بڵێین کە رەوتە ئیسلامییەکان و ئەوانەی بانگەشەی ئیسلامی بوون دەکەن، نەیانتوانیوە لە ئاستی پێویستدا بن، هەروەها دروشمەکانیشیان بەسەرچوونە و ئیستیهلاك بوونە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم رەوتانە لە چوارچێوەیەکی محەلیدا قەتیس و گرموڵە بوونە، یاخود لە سنووری نفوزی هێزێکی ئیقلیمی یان قەومیدا بوونە و نەیانتوانیوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی وڵاتەکە و موسڵمانان بکەن. کەواتە لێرەدا داوا لە لایەنە سیاسییەکان دەکەم، بە تایبەتی لایەنە ئیسلامییەکان کە بە پێداچوونەوە بە شێوازی کارکردنی خۆیاندا بکەنەوە، بۆ ئەوەی تەنیا تەرکیز لەسەر بەدەستهێنانی پۆستە سیاسییەکان نەکەن، هەروەها بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو دروستکردن و بنیاتنانی حزبی موئەسەساتی هەڵبگرن، چونکە ئێمە جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکەین لە نێوان ئەو خیتابەی لایەنە ئیسلامییەکان لە راگەیاندنەکانەوە دەیخەنەڕوو، لەگەڵ ئەو خیتابەی لە دانیشتنە نهێنییەکاندا دەیدرکێنن. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراق، ئەوا ئەو راستیە بەدی دەکەین کە ئەم دەستوورە بە چەند قەیدێك کۆت و بەند کراوە، بۆ نموونە دوو لەسەر سێی سێ پارێزگا دەتوانن هەموو هەموارکردنێکی دەستوور رەتبکەنەوە، کە دەبێتەهۆی شکستپێهێنانی هەر پرۆژەیەك، کە ئەمەش هاوشێوەی ئەو مافی ڤیتۆیەیە کە ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجومەنی ئاسایش هەیانە.

*** مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە پشتگوێخستنی کێشەی کوردەوە لە عێراقدا، بە چەشنێك تەنانەت ئەو کەسانەی کە پێشتر لە بەرەی موعارەزەدا بوون و ئێستا بەرپرسیارێتیان هەیە لە عێراقدا، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە لاوازبوونی خۆیان لێکدەدەنەوە، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین بێ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە**

# پێکئینانا حکومەتا نوی یا عێراقێ ئەرکەکێ پڕهێسان و پرسەخت



موئەیەد تەیب

ژ رۆژا مرۆڤ ل سەر گۆیا زەمینێ پەیدا بووین و هەتا ئەڤرۆ، چ جاران نە هەمیان ب زمانەکی ئاخفتینە، نە ل سەر دینەکی بووینە و نە ژی نەتەوەیەك بووینە. نەتەنێ ئەڤە بەلکو د هەمی دیرۆکا مرۆڤاتیێ دا دو مرۆڤ ژی وەکی ئێك نەبووینە. ژ ڤێ وێڤەتر ئالیێ راستێ یێ هەمان مرۆڤ ژی نە وەك ئالیێ وی یێ چەپێ یە. ل بەرامبەر ڤێ دیاردێیا گەلەك ئاسایی و سرۆشتی هەر دەم هەلوێستەکێ پاشڤەرۆ و دژی سرۆشتێ مرۆڤاتیێ ئەڤ پڕرەنگی یە ب گەف زانییە و هەردەم هەول دایە کو دویماهیێ ب ڤێ دیاردەیێ بینیت و ژ بۆ ڤێ ئارمانجێ درندەترین مێتۆد ب کار ئینانینە ژ چەوساندن و سەرکوتکرنێ هەتا جینۆسایدێ و ب سەدان ملیۆن مرۆڤ بووینە قوربانی و دیرۆکا مرۆڤاتیێ ب خوینێ سۆر بوویە.

هەر خودانێن ڤی هەلویستی ژ لایەکێ دی ڤە هەول داینە گرۆپێن نە وەك خۆ ببهوژینن و وەك خۆ لێ بکەن.

دەولەتا ئوسمانی ل سالا ١٩١٥ جینوسایدا ئەرمەنان راکر. کۆمارا ترکیایێ ژی هەر ل سەر وێ شۆپێ هەول دایە و هێشتا ددەت نەتەوەیا کورد ببهوژینیت و بکەتە ترك.

هەلویستێ پێشڤەرۆ و مرۆڤدۆست ڤێ پڕرەنگیێ ب دەولەمەندیەکا کولتووری دزانیت و رێ ددەت هەمی کولیلك ل باغێ وان ببشکڤن و ب راستی ژی وەلاتێن وان باخچەیێن رەنگینن و مرۆڤێن وان ژی ب زمان، دین و بیروباوەرێن جودا، جودا شاد و سەرفەرازن.

کەواتە ئارێشە نە د هندێ دا یە کو د سنۆرێن وەلاتەکی دا پتر ژ نەتەوەیەکێ یان ئایینەکی بژین بەلکو ئارێشە د سەرەدەریکرنێ دا یە.

مخابن ل جیهانا مە و ب تایبەتی ل وێ دەڤەرا دبێژنێ: "جیهانا سێیەم" هێشتا ئەو دیتنا پاشڤەرۆ یا زالە و پێکۆلێن وێ د بەردەوامن کو سرۆشتی بگوهۆڕن و بەرێ رۆژێ وەرگێڕن و د ڤێ رێ دا کرێتترین تاوانێن دژی مرۆڤاتیێ ئەنجام ددەن.

لێ ل هەمبەر وان ژی خەبات بەردەوامە و سەرکەفتن دێ بۆ پڕرەنگیا مرۆڤاتیێ هێتە تۆمارکرن هەر چەندە هێشتا ڤێ سەرکەفتنێ گەلەك قوربانی دڤێت تاکو ئەم جیهانەکێ ئاڤا کەین تێدا هەر مرۆڤەك رێزێ ل مرۆڤێ دی بگریت و د نەوەکئێکیا بەرامبەرێ خۆ دا هەست ب هەبوون و تایبەتمەندیا خۆ بکەت.

ب کەتنا رژێما خوینرێژا سەددامی، ئێك ژ رەشترین رووپەلێن دیرۆکا مرۆڤاتیا هەڤچەرخ هاتە لادان و مللەتێن عێراقێ و پێ را هەمی ئاشتیخواز و ئازادیخواز و دیموکراتێن جیهانێ چاڤەرێی عێراقەکا تێر و تەنا، ئازاد و ئاڤا دکرن. لێ دیار بوو کو ئەو زێدە د گەشبینبوون و قوناغەکا نوی یا شەڕەکێ کرێت ژ نوو دەست پێ کر و د ڤی شەڕی دا تاوانێن وەسا رویدان و د بەردەوامن کو ب راستی وژدانا هەمی مرۆڤاتیێ هەژاند و د هەژینیت.

مە هەمیا دیت چەوا د داویا سەدسالا بۆری دا، کەلهێن دکتاتۆریێ ئێك ل دویڤ یا دی هەرفتن و د کێمتر ژ سالەکێ دا ئەو وەلات بەر ب دیموکراسیێ چوون و ئەڤرۆکە هندەك ژ وان وەك، پۆلۆنیا، چیك، هنگاریا و گەلەکێن دی، نموونەێن دیموکراسیەکا سەرکەفتینە و ییێن مایی ژی د کەشوبایەکێ ئارام و هێمن دا گاڤێن فرەه بەر ب دیموکراسیێ دهاڤێژن.

عێراق، ئەو وەلاتێ ئەم تێدا دژین ژ دکتاتۆریەکا پڕهۆڤانە رزگار بوو و د ڤێ رێ دا بێ هژمارا قوربانی دان، لێ هێشتا گەلەکا دوورە ژ وەلاتەکێ ئارام و هێمن. گاڤ بەر ب دیموکراسیێ هاتینە هاڤێتن و ئەم دشێین بێژین کو

هەبوونا پتر ژ دینەکی، مەزهەبەکی، نەتەوەیەکێ، زمانەکی د چارچووڤێ وەلاتەکی دا نە ئارێشە یە بەلکو ئارێشە د سەرەدەریکرنێ دا یە

ئەڤ ئازادی و دیموکراسیا ل عێراقێ هـەی ل چ وەلاتێـن رۆژهەلاتا ناڤین نینـە. لێ د هەمـان دەم دا چ وەلات هندی عێراقـێ بمەترسـی نینن بۆ ژیانێ و هەر هەڤوەلاتیەکێ وێ رۆژێ بیست و چوار سەعەتان د گەفا کوشتن و مرنێ دایە، هـەر ژ زارۆکەکێ ئێك رۆژی هەتا پیرەکێ سەدسالی.

ئەڤ رەوشـا عێراق تێـدا دژیت ب راسـتی رەوشەکا کێمپەیدا یە ل هەمی جیهانێ. گەلۆ ئەڤـە قەدەرا وێ یە؟ سزایەکێ ئیلاهی یە؟ یان ژی ئەگەرێن دی هەنە؟.

ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە نەخشەیا جیهانێ و دەولەتێن ل سەر ئاڤا بووینە، دێ بینیـن کو یان نەتەوەیەکێ دەولەتا خۆ چێکرییە وەك چەوا فرەنسیان فرەنسا ئاڤا کرییە، ئەلمانان ئەلمانیا دروسـت کرییە، یـان ژی دەولەتەکێ نەتەوەیەك دروست کرییە وەك چەوا سویسرا نەتەوەیا سویسری ژ چار نەتەوەیان چێکرییە کو هەر چار نەتەوە ب زمانێن جودا، جودا شانازیێ ب سویسریبوونا خۆ دکەن.

گەلۆ عێراق ژ کێژا نە؟

دەولەتـا عێراقێ، نـە نەتەوەیەکێ ئەو دروسـت کرییە، نە ئەو ژی شیایە نەتەوەیەکێ دروست بکەت.

د سەر هندێ را هەمی هێزێن سیاسی یێـن وێ چاڤێن خۆ ل ڤێ راسـتیێ دادپۆشـن و ب زمان هەمی عێراقیێن عەیار بیست و چوارن و ب دل هەر ئێك کوڕێ بابێ خۆ یە و ژ پێکهاتا خۆ یا ئێتنـی یان دینی یان مەزهەبی پێڤەتر هەر ئێکێ دی ب گەف ل سەر هەبوون و مانا خۆ دبینیت.

دەولەتا عێراقێ ب سـنۆرێن خۆ یێن نوکە ڤە ژلایـێ کولونیالزما ئنگلیزی ڤە هاتییە دروسـت کرن. ڤێ دەولەتێ ژی هێشـتا نەشـیایە نەتەوەیەکێ ب ناڤـێ عێراقی دروسـت بکـەت. بلا ئەم د راسـتگۆ بین دگـەل خۆ و دان ب ڤێ راسـتیێ دانین دا کو بشـێین چارەسەریەکێ ژێ را ببینین ئەگەر مە ب راستی دڤێت ئەم هەمی ب تەناهی و ئـازادی ل ڤی وەلاتـی بژین و ئەم هەمی د یەکسان بین د ئەرك و مافێن خۆ دا.

تشـتەکێ گەلەك بالکێش ژ بۆ من ئەوە کو هـەر عێراقیەکێ مایکرۆفۆن دچیتە بەر دەڤی وەسـا د ئاخڤیت کو رۆژەکا ب تەنـێ ژی ئارێشـەیەك د ناڤبەرا پێکهاتێن ڤی وەلاتی دا نەبوویە و نە ژی هەیە و هەر هەمی هەڤوەلاتیێن وی برایێـن دایبابینـە. لێ پشـتی چرکەیەکـێ ژ نەمانا مایکرۆفۆنێ ل بەر دەڤـی ڤەدگەریتە ئینتیمائا خۆ یا ئێتنی یان دینی یان مەزهەبی و هەمی پێکهاتێن دی ب گەف ل سـەر هەبوون و مانا خۆ دزانیت و ئامادە یە دەستێ خۆ بکەتە د دەستێ شەیتانی دا دژی وی کەسێ بەری چرکەیەکێ دگۆتێ: "برایی منە".

ئـەم هەمی گازندا دکەین کو هێزێن بیانـی دەسـتێ، خۆ کرینـە د ناڤ کاروبارێن مـە یێن ناڤخۆیی دا و هەر ئەون ناهێلن عێراق تەنا ببیت. ئەڤە ژی ب راسـتی لایەکێ راسـتیێ یە. لێ لایێ دی ئەوە کێ رێ خۆش کرییە ئەو دەسـتێ بیانی بێتە ناڤ مە؟ بۆچی ئەو دەسـت درێژی سویسـرا، سوێد، فنلەندا.. نابیت؟

ئەڤـە پتـر ژ دو هەیڤانە د سـەر هەلبژارتنان را دەرباس بووی و هێشـتا ئەمێ دەنگان دهەژمێرینەڤە. هێشـتا جەدەلا مە یا بەردەوامە کا دەستوور چ دبێژیت بەرامبەر پێکئینانا حکومەتێ.

لیستا "العراقیە" دبێژت: مە ژ هەمی لیسـتێن دی پتر کورسی ب دەست ڤە ئینناینە و پێکئینانا حکومەتێ ب تەنێ مافێ مەیـە و ئەو باش ژی دزانن ژ بۆ کو ئەو حکومەت ژ پرۆژە دەرباسی راستیێ ببیت پێدڤی ب ٥١٪ ژ دەنگێن ئەندامێـن پەرلەمانی یـە و وان ئەڤ دەنگە نینن.

هەر دو لیسـتێن دەولەتا قانوونێ و هەڤبەندا نیشـتیمانی ب هاریکاریەکا بچویك دشـێن ٥١٪ ژ دەنگان د ناڤ پەرلەمانـی دا بینن لێ ئەو ژی باش دزانن کو ئـەو حکومەتا ئەڤ هەر دو لیسـتە پێك بینن ب تەنا سـەرێ خۆ نەشـێن حوکمی ل عێراقـێ هەمیێ بکەت.

کەواتـە دیتـن و بۆچوونێن هەر دو ئالیان د هەمان دەم دا گەلەك نێزیك و گەلەك دووری ئێکن.

د ئەنجام دا پێکئینانا حکومەتێ ژی د هەمان دەم دا گەلەك هێسان و گەلەك زەحمەتە ژی. ئەم هەمی دزانین ئەرکێن هێسان ب ساناهی و ئەرکێن سەخت ژی ب سـەختی دهێنە کرن. لێ ئەرکێن د هەمان دەم دا گەلەك هێسان و سەخت د کارن گەلەك زوو ژی و گەلەك درەنگ ژی بێنە کرن.

ئـەز دزانم ب هـەر ئاوایەکی بیت. زوو یـان درەنـگ دێ حکومەتەك ل عێراقـێ ئاڤا بیت. ئـەڤ حکومەتە ژی مە بڤێت نەڤێـت دێ یا فرەئالی بیت و ب کێماسـی هەر چوار لیستێن سەرکەفتی: العراقیە، دەولەتا قانوون و هەڤبەندا نیشتیمانی و هەڤبەندا لیستێن کوردستانی دێ پشکدار بن. پرس ئەوە هەر ئێك ب چ رێژە دێ پشـکدار بیت و هەر ئێکی چەند و کیژ پۆسـت دێ ب بەر کەڤن.

لێ ئـەڤ حکومەتـە دێ یا کێ بیت؟

ئـەڤ حکومەتە دی یا هەمیا بیت و یا کەسـێ نابیت. ئانکو هەر هێزەکا پشکدار د حکومەتێ دا، دێ د هەمان دەم دا حکومەت ژی بیت و ئۆپوزسیۆن ژی بیت. دێ حکومـەت بیت د وان پۆسـتان دا یێن ب بەر کەتین لێ دێ ئۆپوزسیۆن بیت ل بەرامبەر وان پۆستان یێن ب بەر هێزێن دی کەفتین و خودێ هاریـکارێ وی وەلاتی و وی مللەتی بیت یێ حکومەتەکا هۆسا وی ب رێ ڤە ببەت. ئەڤ حکومەتە ب کەڤالەکێ سوریالی ڤە دچیت. کەڤالەکێ سریالی د هونەرێ شێوەکاریێ دا دشێت گەلەکێ جوان بیت و خۆشـیەکا رۆحی یا مەزن بدەتـە بینەرێ خۆ. لـێ حکومەتەکا سوریالی ب تەنێ دشێت ئەو وەلاتێ ب رێ ڤە دبەت کاڤل وێران بکەت و وەکی کورد دبێژن: "ئەگەر مە پەز نەدیتبیت ل رێزێ، مە پشکل دیتینە ل پرێزێ".

**دیتن و بۆچوونێن هەمی ئالیێن سیاسی د پێکئینانا حکومەتا نوی یا عێراقێ دا، د هەمان دەم دا، گەلەک نێزیک و گەلەک دووری ئێکن**

**هەمی ئالیێن پشکدار د حکومەتا نوی دا، دێ د هەمان دەم دا حکومەت ژی بن و ئۆپوزسیۆن ژی بن**


**حکومەتا نوی یا عێراقێ، د هەمان دەم دا، دێ حکومەتا هەمی ئالیان بیت و یا کەسێ ژی نابیت و خودێ هاریکارێ وی وەلاتی بیت یێ حکومەتەکا ب ڤی رەنگی وی ب رێ ڤە ببەت**

# تەنیا ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق فیدرالیزمە

## هەقە ئەمەپێش پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو بەرنامەی هەموو لایەک بێت

دەستووری عێراق بونیاد نانەوەی دەوڵەتی عێراقی وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی پەسەندکردووە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر پەسەنکردنی ئەو دەستوورە و پاش ئەوەی زیاتر لە.٪٨٠ی عێراقییەکان دەنگیان بۆداوە هێشتا کە باسی فیدراڵیەت دەکرێت وەك ڕێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و نەمانی توندوتیژی و شەڕی دەسەڵات لە عێراقدا هەست دەکەین هێشتا لایەنە عەرەبییەکانی عێراق دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ ڕێگرتن لە هەڵوەشانەوەی عێراق بە هەنگاوێك بۆ دابەشکردنی عێراق سەیر دەکەن، لە کاتێکدا خودی چەمکی فیدراڵیزم مانای یەکێتی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دەگەیەنێت، ئەمەش بۆ ئەو ئەو کولتوورە سیاسییە دەگەڕێتەوە کە بەردێژایی نزیکەی سەد ساڵ لە عێراقدا ڕەگی داکوتاوە و ئێستاش بە ئاسانی ناتوانرێت ئەو کولتوورە بگۆڕێت، لەو دەوڵەتانەی کە هاوشێوەی عێراقن و بڕوایان بە کولتووری فرەیی ئایینی و نەتەوەیی ئیتنی نییە و هەمووکات ئەم مۆزاییکەی کۆمەڵگە وەك خاڵی لاوازی کۆمەڵگە و هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی وڵاتەکەیان سەیر دەکەن، دەبینین کولتووری توندوتیژی و تیرۆ هەمووکات جێگەی لێبوردەیی و پێکەوە ژیان دەگرێتەوە، بۆ قسەرکردن سەبارەت بەم پرسە چەند پسپۆڕێك بەشداریان کردووین کە ئەمە بۆ چوونەکانیانە.

لەو دەوڵەتانەی کە هاوشێوەی عێراقن و بڕوایان بە کولتووری فرەیی ئایینی و نەتەوەیی ئیتنی نییە و هەمووکات ئەم مۆزاییکەی کۆمەڵگە وەک خاڵی لاوازی کۆمەڵگە و هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی وڵاتەکەیان سەیر دەکەن



رۆگەر مایرسۆن وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ٢٠٠٧ بۆ گوڵان:

# فیدراڵیزم تەنیا ڕێگەیە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و سەرکەوتنی دیموکراتی لە عێراق دا

**پرۆفیسۆر رۆگەر مایرسۆن ئوستادی ئابووری و زانستی سیاسەتە لە زانکۆی شیکاگۆ و وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئابوورییە بۆ ساڵی ٢٠٠٧، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە ٢٠٠٧ بۆ یەکەمجار دیمانەمان بەبۆنەی وەرگرتنی ئەو خەڵاتەوە لەگەڵ کرد، بەڵام پرۆفیسۆر مایرسۆن وەك پسپۆرێك لە زانستی سیاسەت و شارەزایەك لەسەر رەوشی عێراق، ئەو ئەکادیمیە زۆر بایەخ بە رەوشی عێراق دەدات، بۆیە سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، پرۆفیسۆر مایرسۆن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



**هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پیادەکردنی سیستمی پەرلەمانی لە عێراقدا خزمەت بە پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتەدا دەکات**

*** ئایا پێتوایە پێکهاتەکانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی هەڵبژاردن کۆتایی پێهات و دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان ئەنجامدران کە جیاوازییەکی زۆری لە ئەنجامەکاندا دروست نەکرد؟**

- سەرەتا دەمەوێت باسی ئەوە بکەم ئەو هەواڵە منی زۆر نیگەران کردووە کە لە رۆژنامەکاندا باس لەوەدەکرێت نەك هەر هەوڵی دوورخستنەوەی دوو پاڵێوراوی سەرکەوتووی لیستی ئەلعێراقیە دەدرێت، بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکرێت ئەو دوو کورسییە لەو لیستەش زەوتبکرێت بۆ بەرژەوەندی لیستێکی دیکە، کە بەپێی سیستمی لیستی کراوە و نوێنەرایەتی رێژەیی ئەگەر پاڵێوراوی هەر لیستێکی دیاریکراو لەبەر هەر هۆکارێکی یاسایی دووربخرێتەوە، ئەوا ئەم کارە نابێتەهۆی ئەوەی لیستەکە ئەو کورسییەی پەرلەمان لەدەست بدات. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا پێموایە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا دەستکەوتێکی گەورە بوو، بە تایبەتی کە تا رادەیەکی باش بە ئارامی و بە نەزیهی بەڕێوەچوو، لە راستیدا تاکە شتێك کە ناشەرعی دەبێت لەم هەڵبژاردنانەدا ئەوەیە ئەگەر هەوڵی زەوتکردنی کورسی پەرلەمانی لە لیستێکی دیاریکراو بدرێت، بۆ نموونە ئەگەر چەند پاڵێوراوێکی دیاریکراو بە تۆمەتی بوونی پێوەندی بە بەعسەوە دووربخرێنەوە، ئەوا پێویستە پاڵێوراوەکانی دوای ئەوان جێیان بگرنەوە. لە لایەکی دیکەوە پێموایە حاڵی حازر کێشە و دژوارییەکە ئەو گفتوگۆیانەیە کە بە ئامانجی پێکهێنانی حکومەت ئەنجام دەدرێن، هیوادارم هەمان ئەو کاتە نەخایەنێت کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا خایاندی. لە هەمان کاتدا پێموایە جیاوازی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ ئەوەیە ئەنجامەکان رەنگدانەوەی تێکڕای پێکهاتەکانی وڵاتەکەن، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بەشێکی زۆری سوننەکان بەشداریان نەکرد، بەو پێیە نوێنەرایەتیان نەبوو لە دەسەڵاتدا، بەڵام ئەمجارەیان تێکڕای سوننە و شیعە و کوردەکان لە گفتوگۆدان بۆ چۆنیەتی دابەشکردنی دەسەڵات و ئەمەش شتێکی ئیجابیە، لێرەدا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆپێشنیار و راسپاردەکانی ئەو کۆنفرانسەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا لە لەندەن لەسەر داهاتووی عێراق گرێدرا، تێیدا پیادەکردنی فیدراڵیزم —وەك ڕێگەیەك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکاندا-وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتن و بە دیموکراتیکردنی عێراق خرایەڕوو، ئەمەش لە جێی خۆیدابوو، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەمە لە شێوەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و پارێزگاکاندا جێبەجێکراوە، لە دەستووری عێراقیشدا بوار بە دروستکردنی هەرێمەکان دراوە، هەر لەم رووەوە هەوڵێك هەبوو بۆ ئەوەی ئەو هەشت پارێزگایەی شیعەکان تێیاندا باڵادەستن ببنە هەرێمێك کە پێموایە سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵە ئەنجامێکی ئیجابی هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو هەرێمە پێکبهێنرایە، ئەوا تەنیا لایەنێکی شیعەی دیاریکراو تێیدا باڵادەست دەبوو، ئەمەش کاریگەری خراپی دەبوو لەسەر دیموکراسی لە عێراقدا، بەڵام ئەوەی پێوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، باوەڕم وایە ئەم هەرێمە هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیە، هەرچەندە کێشەی هەستیاری هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا لەسەر کێشەی کەرکوك و سنووری هەندێ ناوچەی دیاریکراو. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی

**ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا دەستکەوتێکی گەورە بوو، بە تایبەتی کە تا رادەیەکی باش بە ئارامی و بە نەزیهی بەڕێوەچوو**

پەرلەمان و پیادەکردنی سیستمی پەرلەمانی لە عێراقدا خزمەت بە پرۆسەی دیموکراتی لەو وڵاتەدا دەکات و باشتر کە لە عێراقدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام نەدرا، لەبەر ئەوەی بوونی تاکە کەسێك کە دەسەڵاتی گەورەی هەبێت، خزمەت بە سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی ناکات لە عێراقدا.

> باشتر کە لە عێراقدا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەنجام نەدرا، لەبەر ئەوەی بوونی تاکە کەسێك کە دەسەڵاتی گەورەی هەبێت، خزمەت بە سەقامگیری و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی ناکات لە عێراقدا

*** ئێمە دەزانین لەبەرئەوەی لیستی مالیکی تەنیا ٨٩ کورسی بەدەستهێناوە، ئەمە لە کاتێکدا لیستی ئەلعێراقیە ٩١ کورسی، ئەوا ئەم ڕێژەیە ڕێگەی پێنادات بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بەڵکو دەبێت هاوپەیمانی گرێبدات یان لەگەڵ لیستی ئەلعێراقیە یاخود لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی، بەڵام مالیکی پێداگیری کرد لەسەر دووبارە فەرزکردنەوەی دەنگەکان کە ئەمەش ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە مالیکی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ ناکات و ئامادە نییە بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا نزیکەی لە هەموو سیستمە پەرلەمانییەکاندا کار بەو ڕێسایە دەکرێت کە ئەو لیستەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە تەکلیف دەکرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام ئەم تەکلیفکردنەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە و لە هەمان کاتدا ڕێگرنییە لەوەی لایەنەکانی دیکە گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن و هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانی بدەن بۆ ئەوەی بتوانن لە حاڵەتی شکستهێنانی ئەو لیستەی ڕاسپێردراوە بۆ دروستکردنی حکومەت ئەوان هەڵبستن بە پێکهێنانی حکومەت، ئەمە هیچ ئیشکالیەتێکی تێدا نییە و مایەی نیگەرانیش نییە، بۆ نموونە ئێمە لە ئیسرائیلدا ئەم حاڵەتەمان بەدی کرد کە ئەو لیستەی زۆرترین دەنگی مسۆگەر کردبوو لە هەڵبژاردنەکاندا ڕاسپێدرا بۆ ئەوەی حکومەت دابمەزرێنێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەم ئەرکەدا و دواتر پارتە بچووکەکانی دیکە یەکیان گرت و توانیان ئەم ئەرکە تەواو بکەن. لەم ڕوانگەیەوە نیگەران نیم لەوەی لیستەکەی ئەلمالیکی سەرقاڵی پێکهێنان و گرێدانی هاوپەیمانێتیە لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا.

> گرنگترین مەسەلە بۆ کوردەکان پاراستنی ئەو دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمیەیە کە لە هەرێمەکەیاندا پیادەی دەکەن



## جێبەجێکردنی دەستوور و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان

*** سەرکردەکانی کورد هەمیشە پێداگیری دەکەن لەسەر ئەوەی بەشداربوونی لیستە کوردییەکان لەهەر هەوڵێکی پێکهێنانی حکومەتدا بەندە بە چەند مەرجێکەوە، وەك جێبەجێکردنی دەستوور و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك لایەنەکانی دیکە ئامادەن ئەم داواکارییانەی کوردەکان لەبەرچاوبگرن و جێبەجێیان بکەن؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم ئەوە بڵێم لەبەر ئەوەی لە عێراقدا سیستمی پەرلەمانی پیادە دەکرێت، ئەوا هەندێ جار لیستە بچووکەکانیش یاخود لیستە کەمینەکانیش دەتوانن لە ڕێی پشتگیری کردنی لایەنێك یان هاوپەیمانێتیەکی دیاریکراوەوە ڕۆڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی ببینن و لەم ڕێیەوە بتوانن بەرگری لەو مەسەلە و پرسانە بکەن کە جێی گرنگپێدان و بایەخپێدانیانە. کە لەم ڕووەوە گرنگترین مەسەلە بۆ کوردەکان پاراستنی ئەو دەسەڵاتە ئۆتۆنۆمیەیە کە لە هەرێمەکەیاندا پیادەی دەکەن، بۆ نموونە کوردەکان دەتوانن لە بەرامبەر پشتگیری کردنیاندا لە لیستێکی دیاریکراو ئەو



بەڵێنە لەو لیستە وەربگرن کە کار بۆ بەردەوامیدان بەو دەسەڵاتە بکرێت کە کوردەکان لە هەرێمەکەی خۆیاندا پیادەی دەکەن، ئەمە کارێکی مومکینە و دەکرێت کوردەکان ئەنجامی بدەن. لە لایەکی دیکەوە دووبارەی دەکەمەوە، بوونی سیستمی سەرۆکایەتی لە عێراقدا رەنگە لە بەرژەوەندی کوردەکاندا نەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە سەرۆك دەسەڵاتێکی گەورەی دەبێت و ئەگەر هاتوو ئەو پاڵێوراوە سەرۆکایەتی گرتەدەست کە کوردەکان رکابەریان دەکرد، ئەوا کەناڵی فشاردروستکرنیان نامێنێت لەسەر دەسەڵات، کەواتە سیستمی پەرلەمانی ئەنجامێکی تەندروستی دەبێت لەسەر کوردەکان و لەبەرژەوەندیاندا دەبێت، چونکە ئەگەر هاتوو هاوپەیمانەکان بەڵێنەکانیان شکاند، ئەوا بە ئاسانی دەتوانن هاوپەیمانێتیەکە هەڵبوەشێننەوەو لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا هاوپەیمانی گرێبدەن.

**نەبوونی متمانە لە نێوان سەرکردە سیاسییەکاندا**

*** بە تێڕوانینی ئێوە تا چ رادەیەك لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا رەچاوی دەستووری عێراقی دەکرێت؟**

- پێموایە درێژەکێشانی گفتوگۆکان و دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بەڵگەن لەسەر نەبوونی متمانە لە نێوان سەرکردە سیاسییەکاندا، کە لێرەدا راسپاردەی من ئەوەیە ئەم سەرکردانە هەموو هەوڵێکی خۆیان بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم متمانەیە بنیات بنێنەوە، بە چەشنێك سەرکردەی لایەنێك یان پێکهاتەیەکی دیاریکراو جێی باوەڕی و متمانەپێکردنی خەڵکان و لایەنگرەکانی پێکهاتە و لایەنەکانی دیکەش بێت، کە باوەڕم وایە ئەم متمانەیەش لە رێی پاراستن و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانەوە دروست دەبێت.

*** ئایا تا چ رادەیەك دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بۆ دوای مانگی ئاب کاریگەری دەبێت لەسەر بڕیاری ئیدارەی ئەمریکا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- باوەڕم وایە ئیدارەی ئۆباما و خودی سەرۆکی ئەمریکا کارێکی بەرپرسیارانە ئەنجام دەدەن کاتێك هێزەکانی ئەمریکا بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو پاشەکشە پێدەکەن، هەرچەندە لەم رووەوە باوەڕم وایە سەرۆك ئۆباما ئەگەری ئەوەی لەبەرچاوگرتووە کە رەنگە هەلومەرجێکی نائاسایی دروست بێت و ئەمەش ناچاری بکات جۆرێك لە هەمواركردن لە پلانەکەیدا بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئۆباما لە رووی سیاسی و لە روانگەی رای گشتی وڵاتەکەوە لە پێگەیەکی دژواردا دەبێت ئەگەر کار بۆ ئەوە بکات مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا درێژبکاتەوە کە باوەڕم وایە ئەم درێژکردنەوەیە لە هەمان کاتدا پێویستیش نییە، لەبەر ئەوەی راستە کێشە و دژواری هەیە لە عێراقدا، بەڵام توانای هێزەکانی ئەو وڵاتەش لەبەرەوپێشچووندایە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەو هەواڵانە نیگەرانم دەکات کە باس لەوە دەکەن ئاشوورییەکان کە کەمینەیەکی مەسیحین لە عێراقدا رووبەڕووی کێشە و دژواری دەبنەوە، پێموایە بۆ ئەوەی دیموکراسیەتی عێراق تەندروست و سەرکەوتوو بێت، دەبێت رێز لە هەموو لایەنەکان بگیرێت. لەم روانگەیەوە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت هەموو لایەنەکان بەشداریان پێبکرێت و ماف و پێگەی کەمینەکانیش فەرامۆش نەکرێت.

**سیستمی پەرلەمانی ئەنجامێکی تەندروستی دەبێت لەسەر کوردەکان و لەبەرژەوەندیاندا دەبێت**

**ئیدارەی ئۆباما و خودی سەرۆکی ئەمریکا کارێکی بەرپرسیارانە ئەنجام دەدەن کاتێک هێزەکانی ئەمریکا بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو پاشەکشە پێدەکەن**

**دینس پاپازاین بۆ گوڵان:**

# بۆئەوەی هەر ناوچەیەک بتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت، باشترین چارەسەر بۆ داهاتووی عێراق (فیدراڵیزم)ە



**پرۆفیسۆر دینس پاپازاپین ئوستادی مێژوو فەلسەفەیە لە زانکۆی میشگان و سەرۆکی سەنتەری دیراساتی ئەرمەنیەکانە لە میشیگان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەرکێشە ئیتنیەکان و ژینۆسایدی هاوچەرخ، لەم چوارچێوەیەشدا بایەخێکی گرنگی بەکێشەی کورد و مێژووی کورد داوە، هەروەها لەسەر مێژووی عێراقیش شارەزایە بۆ قسەکردن لەسەر کوردو داهاتووی عێراق و کێشە ئیتنییەکان لە عێراق دا، پرۆفیسۆر پاپازاین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**باوەڕم وایە ئیدارەی ئۆباما خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئۆباما باوەڕی بە راست و دروستی بڕیاری هێرشکردنەسەر عێراق و داگیرکردنی ئەو وڵاتە نەبوو**

**عێراق خاوەنی داهات و سەروەت و سامانێکی زۆرە و خەڵکێکی خوێنەواری هەیە و هیچ کۆسپ و ڕێگرییەک نابینم کە عێراق بە چەشنێک گەشە بکات بتوانێت ململانێی تورکیا یان ئێران بکات**

*** دوای ئاشکراکردنی هەڵبژاردنەکان سەرەتا چۆن بارودۆخی عێراق دەخوێننەوەبە تایبەتی لە رووی هەوڵدانی لایەنە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن حکومەت پێکبهێنن؟**

- لە راستیدا دۆخی عێراق بە چەشنێکە کە هەم ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بە ئاراستەیەکی سلبیدا بڕوات، هەم ئەگەری ئەوەشی لێدەکرێت ئاراستەیەکی ئیجابی وەربگرێت، ئەمەش زیاتر دەوەستێتەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق. کە ئەوەندەی من ئاگادارم هەردوو لیستە شیعیەکە لێکنزبوونەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن حکومەت پێکبهێنن، ئەگەرچی تەفزیلی حکومەتێکی نیشتمانی دەکەم کە تێکڕای پێکهاتەکان بە شیعە و سوننە و کورد و تەنانەت مەسیحیەکان لەخۆبگرێت. لە لایەکی دیکەوە ئەوە بەدی دەکەین کە هەرێمی کوردستان لە بەهێزبووندایە، بۆ نموونە هێزە چەکدارەکانی لە باقی هێزەکانی دیکەی عێراق بە تواناترن، کە لەم روانگەیەوە باوەڕم وایە باشترە ئەگەر ئەم شێوازە، واتە کارکردن بە سیستمی فیدراڵیزم لە عێراقدا پیادە بکرێت، بۆ ئەوەی هەر ناوچەیەك کاروباری ناوخۆی خۆی بەڕێوەببات، بەڵام ئاستێك لە بەرپرسیارێتیان هەبێت لە ئاست مەرکەزدا، چونکە دابەشبوون و جیابوونەوە دەبێتەهۆی لاوازکردنیان.

*** بە پێی تێڕوانینی ئێوە کەی حکومەتی نوێی عێراق پێکدەهێنرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە، لە راستیدا پێشبینی کردن لە سیاسەتدا کارێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم عێراقییەکان بتوانن لە مانگی داهاتوودا ئەم حکومەتە پێکبهێنن، چونکە ئێمە دەزانین هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شارەکاندا کشاونەتەوە و ئێستا ئەمریکا ئومێدەوارە و چاوەڕوانە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بتوانن ئاسایشی شارەکان بپارێزن و هێزەکانی پۆلیس بتوانن ئەرکی چاوەڕوانکراوی خۆیان ئەدا بکەن، لەبەر ئەوە هیوادارم بتوانن لە مانگی داهاتوودا ئەم حکومەتە پێکبهێنن.

*** بەڵام ئایا دواخستنی پێکهێنانی حکومەت کاریگەری نابێت لەسەر پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا؟ واتە ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی ئیدارەی ئۆباما ناچاربێت پێداچوونەوە بە بڕیاری کشانەوەی هێزەکان بدات؟**

- باوەڕم وایە ئیدارەی ئۆباما خوازیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراقدا، لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئۆباما باوەڕی بە راست و دروستی بڕیاری هێرشکردنەسەر عێراق و داگیرکردنی ئەو وڵاتە نەبوو. حاڵی حازر ئیدارەی ئۆباما هەوڵدەدات پتر تەرکیز لەسەر ئەفغانستان بکات، بۆ ئەوەی دوای سەقامگیربوونی بارودۆخەکە هێزەکانی لەو وڵاتەشدا پاشەکەش پێبکات. لە لایەکی دیکەوە چیتر خەڵکی ئەمریکا باوەڕیان بەوە نییە بتوانرێت لە رێی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و داگیرکارییەوە کێشەی وڵاتانی دیکە چارەسەربکرێت و یارمەتی گەلان و نەتەوەکانی دیکە بدرێت.

*** وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا بایەخ بە سەقامگیری عێراق دەدات، لە کاتێکدا ئێمە دەزانین ئەمە پێویستی بە بوونی کولتوورێکی دیموکراتی هەیە،**

**پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمریکا لەم رووەوە بایەخ بەم پرسە دەدات بۆ ئەوەی هەیبەت و پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا لەدەست نەدات؟**

- لە راستیدا عێراق دەوڵەتێکی سەرەکییە لە ناوچەکەدا کە زۆرجار وەك پارسەنگی سەنگ و نفوزی ئێران لێی دەروانرێت. هەروەها باوەڕم وایە دەبێت ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا لە هێنانەدی سەقامگیریدا کورت نەبێتەوە، چونکە ئێمە دەزانین ئەم سەقامگیرییە لە سەردەمی سەددام حوسێن یشدا هەبوو کە نە لەخزمەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە لەخزمەتی خەڵکی عێراقدا بوو. لەبەر ئەوە باوەڕم وایە دەبێت پەرە بە دیموکراسی بدرێت بۆ ئەوەی عێراق رێگەی گەشەکردن و پێشکەوتن بگرێتەبەر، چونکە عێراق خاوەنی داهات و سەروەت و سامانێکی زۆرە و خەڵکێکی خوێندەواری هەیە و هیچ کۆسپ و رێگرییەك نابینم کە عێراق بە چەشنێك گەشە بکات بتوانێت ململانێی تورکیا یان ئێران بکات.

*** عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی دروستبوونی کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان، لە هەمان کاتتدا هەموو رژێمە پێشووەکانی عێراق هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵاتیان داوە و ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ناسەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان هەوڵی سڕینەوەی ئەم فرەییان داوە؟**

- بە تێڕوانینی من دەبێت ئێوە بایەخ بە پەرەپێدانی پەروەردە و بە باشترکردنی دۆخی ئابووری و بارو گوزەرانی خەڵك بدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەرفەتی ئابووری بۆ خەڵك رەخسێنرا، ئەگەر خەڵکی هەلی کارکردن و باشترکردنی ئاستی ژیان و گوزەرانیان لەبەردەمدا بوو، ئەوا کەمتر بیر لە پابەندبوونی تائیفی یان دەمارگیری تائیفی و ئیتنی دەکەنەوە. لە لایەکی دیکەوە باشترکردنی ئاستی پەروەردە و گۆشکردنی خەڵك لەسەر بیرکردنەوە و بەهای جیاوازتر، لە کاڵکردنەوەی ئەم گرژیانەدا رۆڵی دەبێت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مەسەلەی ئابووری، ئەوا دەبینین ئەم هۆکارە بۆتەهۆی ئەوەی لە ئەمریکادا خەڵکی جیاواز، کە لە چین و یۆنان و ئەرمینیا و چەندین وڵاتی دیکەوە هاتوون، لەم وڵاتەدا پێکەوە بە ئاشتیانە بژین، واتە هەموویان پەرۆشی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری دۆخەکەن، چونکە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانیان دەکات، چونکە ئەوان خوازیاری ژیانێکی باشترن، ئەم ژیانەش بە شەڕکردن و رووبەڕووبوونەوەی یەکتر بەدی نایەت.

*** هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستانی عێراقدا چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکەوە لەم هەرێمەدا دەژین، بۆ نموونە ئێمە دەبینین کە مزگەوت و کڵێسا لە پاڵ یەکدا دروست دەکرێن، هەروەها خەڵکی ئەم هەرێمە سەرقاڵە بە پرۆسەی بنیاتنانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم لێبوردەییە لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەدی ناکرێت، لە کاتێکدا کوردستان بەشێکە لەم وڵاتە؟**

- دەمەوێت ئەوە بڵێم کە من ئینجیلم خوێندۆتەوە کە ئەوەی تێدا بەدی دەکەین کە بانگەشە بۆ هێنانەدی ئاشتی و پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکات، لە هەمان کاتدا ئاماژە بە زەرورەتی تێکشکاندنی دوژمن و خستنەگەڕی هەوڵ و تێکۆشان دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوە و ململانێکردن لەگەڵ دوژمندا، لە هەمان کاتدا لە رێی تەرجەمەوە قورئانیشم خوێندۆتەوە، کە بە هەمان شێوە سەرەڕای ئەوەی بانگەواز بۆ بەرپاکردنی ئاشتی دەکات، لە هەمان کاتتدا باس لە پێویستی خۆئامادەکردن دەکات بۆ رووبەڕووبوونەوە و بەرهەنگاربوونەوەی دوژمن. مەبەستم ئەوەیە لێرەدا ئێمە دەتوانین تەرکیزی زیاتر لەسەر ئەو ئایەتانە بکەین کە خزمەت بە چەسپاندنی کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکات، واتە ئیمامی موسڵمانەکان و پیاوە ئایینیە مەسیحیەکان دەتوانن لە رێی بایەخدان و زەقکردنەوەی ئەم لایەنانەوە ئەم ئەرکە ئەدا بکەن و رێگری لەوە بکەن هەندێ لایەنی توندڕەو لە هەردوولا کەڵکی خراپ لە هەندێ لە ئایەتەکان وەربگرن. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبەرچاوبێت لەسەردەمێکدا دەژین کە زۆر بە ئاسانی دەتوانین پەیوەندی لەگەڵ تێکڕای جیهاندا دروست بکەین، ئێمە لەسەردەمی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەردا دەژین کە زەمینەی لەیەکگەیشتن و لێکنزیکبوونەوەی رەخساندووە.

*** یەکێك لە کێشە گەورەکانی عێراق کێشەی دەرکردنی مەسیحیەکانە لە شاری موسڵدا کە لە ماوەی رابردوودا لە لایەن شوێنکەوتووانی پێشووی بەعسەوە ئاوارە دەکران و ئەوانیش پەنایان بۆ کوردستان دەبرد، ئێستا ئەوە بەدی دەکەین کە شەپۆلێکی دیکەی دەرکردن دژی غەیرە عەرەب و غەیرە موسڵمانەکان، وەك مەسیحی و یەزیدیەکان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەستی پێکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ رادەیەك باروودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بە دەستێوەردان دەکات؟**

- لە راستیدا رەنگە ئەمە لە هەموو شوێنێك رووبدات و بە درێژایی مێژووش روویداوە، واتە هەوڵی دەرکردن و دەرپەڕاندنی پێکهاتەیەك یان گروپێکی ئیتنی یان ئایینی دیاریکراو دەدەن بۆ ئەوەی تێکڕای ناوچەکە تەنیا پێکهاتەیەکی دیاریکراوی تێدابژیت، ئەمەش زەمینەی باشتر کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە دەڕەخسێنێت، بۆ نموونە رەنگە ئەگەر کوردەکان بەم شێوەیە رەفتار بکەن، ئەوا دەتوانن ئەو ناوچانە لە پێکهاتە و گرووپەکانی دیکە پاکبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئاسانتر، بێ کێشەتر کۆنترۆڵی شاری کەرکوك بکەن.

*** دوا وتەت چییە؟**


- خەڵکی عێراق خەڵکێکی خوێندەوارن، هەروەها وڵاتەکە خاوەنی سەروەت و سامانێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر عێراقییەکان بیانەوێت، ئەوا دەتوانن ئاییندەیەکی گەش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. کە دەبێت لەم رووەوە ژیرانە رەفتار بکەن و پێداگیری لەسەر درێژەپێدانی شەڕ و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکدا نەکەن، چونکە هیچ کەسێك براوە نابێت لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا، بەڵکو دەبێت سازش لەگەڵ یەکدا بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە ئارامی و ئاشتی پێکەوە بژین.

**ئێمە دەتوانین تەرکیزی زیاتر لەسەر ئەو ئایەتانە بکەین کە خزمەت بە چەسپاندنی کولتووری پێکەوەژیان و لێبوردەیی دەکات**

**ئەگەر عێراقییەکان بیانەوێت، ئەوا دەتوانن ئاییندەیەکی گەش بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن. کە دەبێت لەم رووەوە ژیرانە رەفتار بکەن و پێداگیری لەسەر درێژەپێدانی شەڕ و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یەکدا نەکەن**

ستیفان ڤۆلف بۆ گوڵان:

# هەمیشە لە عێراقدا سڕینەوەی جیاوازییەکان لە ئیدارەدانی جیاوازییەکان ئاسانتر بووە



پرۆفیسۆر ستیفان ڤۆلف لە زانکۆی بیرنگهام لە بەریتانیا ئوستادی ئاسایشی نێوەدەوڵەتیە و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر ئەو تەحدیە هاوچەرخانەی ڕووبەرووی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەبنەوە وەك ڕێگرتن لە چارەسەرکردنی کێشە ئیتنیەکان و دابەشبوونی کۆمەڵگەکان لەدوای شەڕو کاولکاری و چارەسەرنەکردنی کێشەی وڵاتانی دوای شەڕ، ئەمەش واتە پرۆفیسۆر ڤۆلف لەسەرئەو دەرهاویشتە خراپانە ئیشدەکات کە لە ئاکامی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانە لەکۆمەڵگە دروست دەبن، بۆ قسەکردن سەبارەت بەرەوشی خراپی عێراق بە تایبەتی کە ئێستا لەعێراقدا لەبری ئەوەی کێشە ئیتنیەکان چارەسەر بکرێن دەبینن کێشەکان ئاڵۆز دەکرێن، سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر ڤۆلف بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.

لەبەرئەوەی کوردەکان قوربانی دەستی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن بوونە لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکان و بەشێوەیەکی گشتی لەناوچەکەدا ، ئەوا پەرۆشیەکی زیاتریان هەیە بۆ پیادەکردنی لێبوردەیی و بۆ گونجاندن و ئیدارەدانی جیاوازیەکان

**عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، ئەمە نەبۆتە هۆی دروستبوونی کولتووری لێبوردەیی**

*** عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی دروستبوونی کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان، لە هەمان کاتدا هەموو ڕژێمە پێشووەکانی عێراق هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵاتیان داوە و ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ناسەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان هەوڵی سڕینەوەی ئەم فرەییان داوە؟**

- هەمیشە وا لێکدراوەتەوە کە سڕینەوەی جیاوازییەکان ئاسانترە بووە لە ئیدارەکردنی جیاوازییەکان. هەروەها گریمانەی ئەوەکراوە ئەگەر هەموو خەڵکی وڵاتەکە لە شێوەی گرووپێکی دیاریکراودا یەکبگرن ئەوا سەقامگیری لە وڵاتەکەدا باشتر دەچەسپێت. لەلایەکی دیکەوە سروشتی ئایدۆلۆژیەتەکان ئەوەیە هەوڵدەدەن یەکناسنامەی دیاریکراو بەسەر خەڵکدا بسەپێنن- ئیدی کۆمۆنیزم بێت یان ئاینێکی دیاریکراو یان هەر ناسنامەیەکی دیکە. من باوەڕم وایە کێشەی عێراق ئەوەیە لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکان و سەپاندنی ناسنامەیەکی دیاریکراودا بەشێك لە خەڵکەکە ملکەچ بوونە بەشێکی دیکەیان دوچاری کوشتن بوونەتەوە یان دەربەدەر کراون.

*** ئێمە دەزانین هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستانی عێراقدا چەندین نەتەوە و ئاینی جیاواز پێکەوە لەم هەرێمەدا دەژین، بۆ نموونە ئێمە دەبینین کە مزگەوت و کڵێسا لەپاڵ یەکدا دروست دەکرێن، هەروەها خەڵکی ئەم هەرێمە سەرقاڵە بە پرۆسەی بنیاتنانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم لێبورەدەییە لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەدی ناکرێت، لە کاتێکدا کوردستان بەشێکە لەم وڵاتە؟**

- زەحمەتە بتوانم هۆکاری ئەوە دەستنیشان بکەم بۆچی لێبوردەیی لە دەرەوەی کوردستاندا کەمتر پیادە دەکرێت، بەڵام ئەوەش ڕوونە کە لەبەرئەوەی کوردەکان قوربانی دەستی چەوساندنەوە و سەرکوتکردن بوونە لەسەر دەستی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان و بەشێوەیەکی گشتی لەناوچەکەدا، ئەوا پەرۆشیەکی زیاتریان هەیە بۆ پیادەکردنی لێبوردەیی و بۆ گونجاندن و ئیدارەدانی جیاوازیەکان لەبری کارکردن بۆ سڕینەوەیان.

*** یەکێك لە کێشە گەورەکانی عێراق کێشەی دەرکردنی مەسیحیەکانە لە شاری موسڵدا کە لەماوەی ڕابردودا لە لایەن شوێنکەوتووانی پێشووی بەعسەوە ئاوارە دەکران و ئەوانیش پەنایان بۆ کوردستان دەبرد، ئێستا ئەوە بەدی دەکەین کە شەپۆلێکی دیکەی دەرکردن دژی غەیرە عەرەب و غەیرە موسڵمانەکان، وەك مەسیحی و یەزیدییەکان لەناوچە ناکۆکی لەسەرەکان دەستی پێکردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك بارودۆخەکە ئاڵۆز دەکات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بە دەستێوەردان دەکات؟**

- ڕەنگە هەندێ نارەزایی دەربڕین بەدی بکەین، بەڵام من پێم وانییە کاری گەورە و جیددی بکرێت لەم ڕووەوە. مەسیحیەکان کەمینەیەکی بچوکن لە ڕاستیدا هەڕەشەیەکی ئەمنی گەورە نین لەسەر دۆخی ئەمنی عێراق. تاکە ڕێگایەك بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیە باشترکردن و سەقامگیرکردنی باری ئاسایشی عێراقە کە ئەمەش دەبێتەهۆی نەهێشتنی هەڕەشەی سەر مەسیحیەکان.

مەسیحیەکان کەمینەیەکی بچوکن تاکە ڕێگایەک بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیە باشترکردن و سەقامگیرکردنی باری ئاسایشی عێراقە

*** سەرەڕای ئەوەی هەندێ لە عەرەبەکان دژی کورد، تورکمان و یەزیدیەکان دەوەستنەوە، ئەوا دەبینین کە کردەوە تیرۆیستیەکان و ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان لەناوچە کوردییی، یەزیدی و تورکمانەکان زیاتر بوونە، ئایا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی عێراق بە ئاراستەی شەڕی تائیفیدا**

گوڵان
ژمارە (٧٨١)
٢٠١٠/٥/١٧



**دەبێت دەستکەوتە سیاسیە کورت مەوداکان بخەنەلاوە و تەرکیزی زیاتر لەسەر ئەو ئەرکانە بکەن کە لە پێشترن وەک دروستکردنی حکومەتێکی سەقامگیر و تەواوکردنی ئەرکی بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی عێراق**

**بڕوات؟**

- هەمیشە مەترسی توندوتیژی تائیفی وەك کارتێــك بەکارهێنراوە لــە عێراقدا، لە پێش ســاڵی ٢٠٠٣دا ئەم حاڵەتە لــە ئارادابوو، بەڵام لەدوای ســاڵی ٢٠٠٣ەوە بەشێوەیەکی زیاتر بەکارهێنراوە. ئەوانەی هەڵدەســتن بە بۆمبڕێژکردنی ئۆتۆمبێلەکان و ئەنجامدانی هێرشەکانی دیکە لە پێگەیەکدا نین بتوانن شەڕێکی تائیفی سەرتاســەری بخولقێنن، کەواتە پەنا بۆ خولقاندنــی توندوتیژیەکی بەربــڵاو دەدەن ئەویش لــە ڕێی وروژاندنی پێکهاتەیەکــی دیاریکــراوە بۆئــەوەی کاردانەوەی هەبێت و ئەمەش سەردەکێشــێت بۆ دروســتبوونی بازنەیەکی توندوتیژی کە لە کۆتاییدا دەبێتەهۆی ڕوودانی شــەڕێکی تائیفی سەرتاسەری. کەواتە دەبێت کەسانی ژیری ناو ئــەو پێکهاتانــەی ڕووبەڕووی هێرشــبوونەتەوە جڵــەوی کاروبــارەکان بگرنەدەســت و دەبێت هەمــوو پێکهاتەکان پێکــەوە کاربکــەن بــۆ ئــەوەی هەوڵی ڕیشەکێشکردنی ئەو کەسانە بدەن کە پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن.

*** ئێمــە دەزانین حاڵی حازر لــە عێراقدا حکومەتێك هەیە کە تەنیــا کارەکان ڕاپی دەکات، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، بــەڵام هێشــتا حکومەت پێــك نەهێنراوە، پرســیارەکە ئەوەیــە ئایا تــا چ ڕادەیەك ئەمە هۆکارێــك دەبێت بۆ ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی تائیفی و ئاینی لە وڵاتەکەدا و تا چ ڕادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات؟**

- بە تیرڕوانینی مــن تاکە ڕێگا ئەوەیە کە سەرکردە سیاسیەکان دووبارە بە ئامانجەکانی خۆیاندا بچنەوە. دەبێت دەستکەوتە سیاسیە کورت مــەوداکان بخەنــەلاوە و تەرکیزی زیاتر لەســەر ئــەو ئەرکانە بکــەن کە لە پێشــترن وەك دروســتکردنی حکومەتێکی سەقامگیر و تەواوکردنی ئەرکی بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنــەوەی عێــراق. لــە کاتێکدا تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ چۆنیەتی ئاوەدان کردنــەوەی عێراق، بەڵام گرنــگ ئەوەیە ئــەم کارە بــێ پەنابردنە بــەر توندوتیژی ئەنجامبدرێــت. ئەمەش بەو مانایە دێت کە لایەن و پێکهاتەکان دەســت لەو داواکاریانە هەڵبگرن کە ســەقفێکی زۆر بەرزیان هەیە و تەرکیزی زیاتر لەســەر ئەو بوارانە بکەن کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە تێیاندا. لە کۆتاییدا من دەڵێم، هەڵگیرساندنی شەڕ زۆر ئاســانە، بەڵام دەرئەنجامەکە ئەوە دەبێت کە کەس ناتوانێت لە ڕێی شەڕەوە ئامانجەکانی بەدەســت بهێنێــت، هەروەهــا قوربانییــە مرۆییەکانیش لە ئاستێکدا دەبن کە مایەی قبوڵکردن نابن.

*** ئەگەر ئەندامانی پێشووی حزبی بەعس بەردەوام بوون لەســەر کردەوە خراپەکانیان و حکومەتی عێراق هەڵوێستی بێدەنگی نواند، ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ســنوورێك بۆ کارەکانیان دادەنێت؟**

- من نازانم هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ئاســت ئەندامانی پێشــووی حزبی بەعســدا چی دەبێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەزموونی ئێمەوە (وەك ئەڵمانیــا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات)، دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێو ئەو کەسانەی لە ڕاســتیدا تاوانیان ئەنجامداوە و لەگەڵ ئەو کەســانەی کە تەنیا شوێنکەوتوویەکی ( هەلپەرســت و چەواشــەکراو) بوونــە. دوورخســتنەوەی ژمارەیەکــی گــەورە لە کۆمەڵگەو لە پرۆسە سیاسیەکە نابێتەهۆی ئــەوەی چارەســەرێکی درێژخایــەن بــۆ کێشەکانی عێراق بهێنرێتەدی و ئەمە تەنیا خزمەت بە بەرژەوەندی ئەو کەســانە دەکات کە لە هەوڵی دروستکردنی ناکۆکیدان نەك باشترکردنی داهاتووی وڵاتەکە.


**دوورخستنەوەی ژمارەیەکی گەورە لە کۆمەڵگەو لە پرۆسە سیاسیەکە نابێتەهۆی ئەوەی چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ کێشەکانی عێراق**



# قۆناغی هەوڵە جیددیەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی و پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق

دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی بەغدا هیچی لە ئاکامی دەنگەکان بۆ بەرژەوەندی لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی لیستی دەوڵەتی یاسا نەگۆڕی

تا ئێستا سەنگ و پێگەی کورد بەو ئاستەیە کە هیچ لایەک ناتوانێت فەرامۆشی بکات و ئومێدەکان بەو جۆرەن لەپرۆسەکەدا کورد رۆڵی کاریگەر بگێرێت



دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکانی بەغدا هیچی لە ئاکامی دەنگەکان بۆ بەرژەوەندی لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی لیستی دەوڵەتی یاسا نەگۆڕی، هەر بۆیە وا بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەفەرمی ئاکامی دووبارە هەژمارکردنەوەی ١١٢٩٨ سندوقی بەغدا ئاشکرا بکاتەوە بەوەی هیچ سندوقێك کاری ساختەکاری تیا ئەنجامنەدراوە، ئەم ئاکامە لە روویەکەوە زۆر گرنگ بوو لەبەر ئەوەی ئەگەر کاری ساختەکاری لە هەژمارکردنەوەکە دەربکەوتایە، ئەوا مسداقیەتی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و شەرعیەتی حکومەتی داهاتووی عێراق دەکەوتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە دەبووە هۆکاری ئەوەی لایەنی عەرەبی سوننە لەپرۆسە سیاسیەکە بکشێنەوە و باردۆخەکە زیاتر ئاڵۆز ببێت، بەڵام وێڕای ئەوەی هیچ کام لەو ئەگەرانە لە ئاکامی دووبارە هەژمارکردنەوەی دەنگەکان چاوەڕێ دەکران، وادەرنەچوون. ئێستا چاوەڕێی ئەوە دەکرێت کە لە نێوان د.نوری مالیکی سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا و د.ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە دیدارێك ئەنجامبدرێت، ئەم دیدارەی نێوان هەردوولا لەسەرینی بێ ئاکامبوونی ئەو دەرەنجامانەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەتا ئێستا لیستی تەیاری سەدر رازی نابن د.مالیکی ببێتەوە بە کاندیدی لیستی یەکگرتووی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی یەکگرتوو، لەم هاوکێشەیەدا هەتا ئێستا سەنگ و پێگەی کورد بەو ئاستەیە کە هیچ لایەك ناتوانێت فەرامۆشی بکات و ئومێدەکان بەو جۆرەن کە لەپرۆسەکەدا کورد رۆڵی کاریگەر بگێرێت، سەبارەت بەم پرسە چەندین پسپۆر و سیاسەتمەدار بەشداریان کردووین کە ئەمە بۆ چوونەکانیانە:



لەبید عەباوی جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ گوڵان:

# دەبێت پێش پێکهێنانی هەر هاوپەیمانێتیەک لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش ڕێککەوتن هەبێت

**لەبیــد عەباوی جێگری وەزیری دەرەوەی عێراقی فیدرال، لــە هەڤپەیڤینێکی تایبەتیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کورد لە کێشە سیاسیەکانی عێراقدا تەرەف نییە و ئەو لەگەڵ هیچ لایەکدا کێشەی نییە بەڵام دەبێت لە پێکهێنانی حکومەت و بونیادی دیموکراتی و فیدراڵی لەعێراقدا ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت، ســەبارەت بەرەوشــی سیاســیی عێراق و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، جێگری وەزیری دەرەوەی عێراق بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

مـن هاوڕانیم لەگەڵ ئێوەدا کەدەڵێن ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخی ئەمنی بەرەو خراپتر دەچێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرەوپێشچوونی گەورە هەیە لەم ڕووەوە و گوزری گەورە لەسەرکردایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دراوە

هیچ کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە لایەنێکی دیاریکراو دووربخرێتەوە لەبەشداری کردن لە پرۆسەکە

### دیمەنە خوێناوییەکان ڕەوتی عێراق بە چ چارەنووسێک دەگەیەنێت

*** ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ دۆخــی ئەمنی عێــراق بەرەو ئاڵۆزبوونــی زیاتر دەچێت و دیمەنــە خوێناوییەکان زیاتر دەبن، هەروەها ئــەو کردەوە توندوتیژانەی لــەم دواییانەدا ڕوویاندا زەنگی مەترسین کە تیرۆریستەکان ســەرقاڵی سوتاندنی تەڕ و وشکن پێکەوە، پرســیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم ڕەوتە عێراق بە چ چارەنوسێك دەگەیەنێت؟**

- ســەرەتا مــن هاوڕانیم لەگــەڵ ئێوەدا کەدەڵێــن ڕۆژ بــە ڕۆژ دۆخــی ئەمنی بــەرەو خراپتر دەچێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەرەوپێشــچوونی گەورە هەیە لەم ڕووەوە و گوزری گەورە لەسەرکردایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دراوە. هەروەها من پێم وایە ئەوەی لەم دواییانەدا ڕوویداوە کاری پاشــماوەی شــانە و تاقمەکانی ئەل قاعیــدە و کۆنە بەعســیەکانە کە دەیانەوێت هێزی خۆیان کۆبکەنەوە و کــردەوەی گەورە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بگەیەنن کە هێشــتا ئەوان بوونیان هەیە لە ساحەکەدا و توانای زیان گەیاندنیــان هەیە بە خەڵکی عێراق. لەبەرئەوە پێم وایــە ئامانجی ئەم کردەوانە ئامانجگەلێکی سیاســیە و بە مەبەستی هەرەســەپێهێنانی پرۆســە سیاســیەکە و شکســتپێهێنانی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەتە، هەروەها بە ئامانجی وروژاندنی ڕای گشــتی و خەڵکی عێراقە لە دژی حکومەت، بە خستنەڕووی ئەوەی حکومەت ناتوانێــت ئەمنیەتی خەڵك بپارێزێت، بەڵام خەڵکی وڵاتەکە هاوســۆزنین لەگەڵ ئەم کردەوانەدا، بە پێچەوانەوە ئیدانەی دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە من باوەڕم وایە ئەم کردەوانە بەردەوام دەبن، بەڵام بە ئاســتێکی نزمتر، لەبەرئــەوەی حاڵــی حازر توانــای هێزە ئەمنییەکان باشــتر بووە لە ئاشکراکردنی تیرۆیســتەکاندا. لە لایەکی دیکەوە ئێمە هەرگیز نەمانوتوە تیرۆر کۆتایی پێهاتووە، چونکە ئەمە پێویســتی بە حکومەتێکی بەهێز و بە ســەقامگیریی و بەکات هەیە. بە هەمان شــێوە پێویســتی بە هاوکاری نێوان کوتلە و پێکهاتە سیاســیەکان هەیە، لە لایەکی دیکــەوە نابێت ئێمە ئەوەمان لە یادبچێت ئەم لایەنە تیرۆریســتیانە لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە هــاوکاری دەکرێن، چ بــە دابینکردنی دارایی بێت یان بە پێدانی چەك، بەڵام من باوەڕم وایە بە تێپەڕبوونی کات ئەم کردەوانە کزدەبن و کەم دەبنەوە.

*** لەم هەلومەرجەدا کە یەکگرتنی هەردوو لیستی ئیئتیلافی نیشــتمانی و دەوڵەتی قانون ڕاگەیەنراوە، گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت دووچاری دژواریەك زۆر بۆتەوە و پرۆســەی پێکهێنانــی حکومەتیش لە**

**پاشەکشەیەکی بەردەوامدایە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەرفەتەکانی پێکهێنانی ئەم حکومەتە چین؟**

- ئێمە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئەو گفتوگۆ و وتووێژانەی ئێستا دەکرێن تەنیا هەوڵێکی سەرەتاییە و بۆ زانینی تێڕوانین و هەڵوێستی لایەنەکانی دیکەیە، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا دادگای باڵا موسادەقەی لەسەر ئەنجامەکان نەکردووە( مەبەستی ڕۆژی ٢٠١٠/٥/١٢یە) بۆ ئەوەی ببنە ئەنجامی ڕەسمی و کۆتایی، کە من پێم وایە دوای موسادەقەکردنی گفتوگۆی جیددی دەست پێدەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا هەوڵ و کۆششی زۆر لە ئارادایە بۆ لێکنزیك کردنەوەی لایەنەکان لە یەکتری، بە تایبەتی لە نێوان(عەلاوی و مالیکی)دا کەلەڕۆژانی داهاتوودا کۆبوونەوەیەك لەنێوان ئەم دوولایەنەدا ئەنجام دەدرێت، لەهەمان کاتتدا هاوپەیمانی کوردستانیش تیمێکی گفتوگۆکاری پێکهێناوە و چاوەڕێی ئەوە دەکەن ئەنجامەکان بە ڕەسمی ڕابگەیەنرێن. بە تێڕوانینی من کێشەی سەرەکی ئەوەیە ئالیەتێك بدۆزرێتەوە بۆ بەشداری پێکردنی تێکڕای لایەنەکان، لەبەرئەوەی هیچ کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە لایەنێکی دیاریکراو دووربخرێتەوە لەبەشداری کردن لە پرۆسەکە.

## حکومەتی تەوافوقی نیشتمانی کێشەکانی عێراق یەکلایی دەکاتەوە

*** باس لە پێکهێنانی حکومەتی تەوافوقی نیشتمانی یان شەراکەتی نیشتمانی دەکرێت، ئایا حکومەتێکی لەم چەشنە دەتوانێت کێشەکانی عێراق یەکلایی بکاتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەر تێگەیشتنی ئێمە بۆ چەمکی حکومەتی تەوافوقی ئەوەبێت کەکۆمەڵێك پێکهاتەو لایەنی سیاسی پێکەوە کۆببنەوە حکومەتێك پێکبهێنن بێ ئەوەی بەرنامەیەکی ڕوونیان هەبێت کە هەموو لایەك لەسەری ڕێککەوتبن، بێ ئەوەی لەسەر ئالیەتی حکومڕانی و چۆنییەتی بەڕێوبردنی کاروبارەکان ڕێککەوتبێتن، ئەوا ئەمە دەبێتە حکومەتی موحاسەسەی تائیفی نەك تەوافوقی نیشتمانی. لەبەر ئەوە هەروەکو بەڕێز مەسعود بارزانی و چەندین کەسایەتی دیکە تەئکیدیان لەسەر کردۆتەوە بوونی بەرنامەیەکی هاوبەش گرنگە کە هەمووولایەنەکان باوەڕیان پێی هەبێت و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن، ئەو کاتە دەکرێت زەمینەی باشترکردنی دۆخەکە و بەرەوپێشچوونی زیاتر بڕەخسێنرێت.

*** هەندێ لە چاودێرە سیاسیەکان مەترسی ئەوەیان هەیە کە درێژەکێشانی ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەگەری ڕوودانی کودەتای سەربازی، ئایا ئەگەرێکی لەمشێوەیە لە ئارادایە و ئایا مەترسیەکانی ڕوودانی ئەم کودەتایە لەسەر هەلومەرجی ئێستای عێراق چییە؟**

- لە ڕاستیدا هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە درێژەکێشانی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت ببێتەهۆی دروستبوونی بۆشای سیاسی و ئەمەش سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە، بەڵام من باوەڕم وایە لەبەر ئەوەی هەموو لایەنەکان خواستی ئەوەیان هەیە بە زووترین کات ئەو حکومەتە پێکبهێنرێت ئەوا ئەم مەترسیە دەڕەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەندی بە ڕوودانی کودەتاوە هەبێت ئەوا من پێم وایە ئەمە وەهمە، لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتەی ئێستا لە ئارادایە لە لایەن خەڵکەوە پشتگیری لێدەکرێت، چونکە ئێمە بینیمان بە ملیۆنەها خەڵك بەشداریان لە پرۆسەی دەنگداندا کرد. لەبەرئەوە ڕوودانی کودەتا شتێکی قبوڵ نەکراوە و لەکاتی ڕوودانیشیدا ئەوا خەڵکی لەشێوەی ڕاپەڕینی چەکداریدا بەرهەڵستی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە نەك هەر لەسەر ئاستی مەحەلی و ناوخۆیی، بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەکیش ئەمە شتێکی قبوڵنەکراوە، لەبەرئەوەی ڕێگە نادرێت ئەو دەستکەوتانە لەدەست بدرێت کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی پێشووەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدەستهاتوون.

*** لەم هاوکێشە سیاسیەی کە دروست بووە کوردەکان دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینین لە پرۆسە سیاسیەکەدا، ئایا چ شتێك لە کوردەکان چاوەڕێ دەکرێت لەم ڕووەوە بۆ ئەوەی بەشداربن لە سەرخستنی پرۆسە سیاسیەکە؟**

- لە ڕاستیدا هێزە کوردییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و زیندوو ئەساسیان هەیە لەم ڕووەوە، ئەگەرچی ئەوان بەشێك نین لە ململانێی تائیفی یاخود ڕکابەریکردن بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك وەزیران، بەڵام ئەوان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی وڵاتەکە بەرپرسیارێتی و ئەرك و مافی ئەوەیان هەیە ڕۆڵێکی کارا ببینین لە پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیدا کە بەرنامەیەکی ڕوون و هاوبەشی هەبێت. کەواتە ئەرکی کوردەکان تەنیا لە پاراستنی مافەکانی کورد و دەستکەوتە بەدەستهاتووەکانیاندا کورت نابێتەوە، بەڵکو لە هەمان کاتتدا دەبێت ڕۆڵێکی کارا ببینین لە بنیاتنانی عێراقێکی یەکگرتووی فیدراڵی دیموکراتدا، لەبەر ئەوە ئێمە چاوەڕێ دەکەین و پێشبینی ئەوەش دەکەین کوردەکان ئەم ڕۆڵە گرنگە ببینن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا.

*** بەڵام ڕۆڵی کوردەکان پەیوەستە بە ئیستجابەی لایەنەکانی دیکە بۆ داواکاریەکانی کورد، کە پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی دەستوور و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی دیکە ئامادەن ئەم داواکاریانە بهێننەدی؟**

- لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ دەستور کلیلی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە، کە من پێم وایە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و کێشەی داهاتی نەوت و پێشمەرگە دەبێت لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە سیاسیەدا چارەسەربکرێت کە حکومەت جێبەجێی دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەموو لایەنەکان لەسەر بەرنامەیەك ڕێکبکەون ئەوا دواتر ئیلتیزامیشی پێوەدەکەن. کەواتە دەبێت پێش پێکهێنانی هەر هاوپەیمانێتییەك ڕێککەوتن هەبێت لەسەر بەرنامەیەکی سیاسی هاوبەش و ناکرێت پێش گەیشتن بەم ڕێککەوتنە هاوپەیمانێتی ڕابگەیەنرێت.

*** تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا دەستێوەردان دەکات و فشار لەسەر لایەنەکان دروست دەکات بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن؟**

- من باوەڕم وانییە ئەمەریکا هیچ بەرژەوەندییەکی هەبێت لە دەستێوەردان لە کاروباری عێراق و فشار دروستکردن لە دژی لایەنێك و لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیکە، ئەوەی هەیە ئەمەریکا سیاسەتێکی ڕوونی هەیە بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لە چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیر، بۆ ئەوەی بتوانێت لە وادەی دیاریکراودا هێزەکانی لە وڵاتەکەدا پاشەکشە پێبکات و لەو باوەڕدانیم ئەمەریکا بیەوێت ڕۆڵێکی زیاتر ببینێت لەم ڕووەوە، چونکە ڕۆڵی ئەمەریکا لە ئێستادا جیاوازە بە بەراورد بەو ڕۆڵەی لە ڕابردوودا هەیبوو کە هێزێکی داگیرکار بوو. لەبەرئەوەی ئێستا ڕێککەوتننامە ئەمنییەکە تەحەکوم بە پەیوەندی نێوان هەردوو وڵاتەوە دەکات.

هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە درێژەکێشانی گفتوگۆکانی پێکهێنانی حکومەت ببێتەهۆی دروستبوونی بۆشای سیاسی و ئەمەش سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە

لە ڕاستیدا هێزە کوردییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و زیندوو ئەساسیان هەیە ئەوان وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی وڵاتەکە بەرپرسیارێتی و ئەرك و مافی ئەوەیان هەیە ڕۆڵێکی کارا ببینین لە پێکهێنانی حکومەتێکی نیشتمانیدا



له عێراقی نوێدا زۆر زەحمەتە زۆرینەی سیاسی حوکمڕانی بکات

د.حەسەن ئەلیاسری بۆ گوڵان:

# هاوپەیمانی کوردستانی لە ڕێککەوتنی لیستی دەوڵەتی یاساو هاوبەندی نیشتمانی عێراقی ئاگاداربووە

**د.حەسەن ئەلیاسری پسپۆرە لە بواری یاسا و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق بووە، ئێستا کاندیدی لیستی دەوڵەتی یاسایە بۆ پەرلەمانی داهاتووی عێراق، بۆ قسەکردن سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی عێراق و یەکگرتنی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاسا و هاوبەندی نیشتمانی عێراقی و ئاستەنگەکانی بەردەم پرۆسەکە بەڕێز د.حەسەن ئەلیاسری بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە:**

هزری ئۆپۆزسیۆن تاکو ئێستا نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن لە عێراق. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەبینین دەسەڵاتی حوکمران هەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی، بەڵام ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤانە و بونیاتنەرە نەک نێگاتیڤانە

## عێراق دەوڵەتێکە زۆر بە زەحمەت کێشە سیاسییەکانی چارەسەر دەبن

*** بارودۆخی ئێستای عێراق ئەو ڕاستیەمان پێ دەڵێت عێراق دەوڵەتێکە زۆر بە زەحمەت کێشە سیاسییەکانی چارەسەر دەبن. ئایا هۆکارەکانی کێشە سیاسییەکانی عێراق چین و بۆ ئەوەندە ئاڵۆزن؟**

- هەڵبەتە عێراقی نوێ چەندین کێشەی سیاسیی هەیە، هەروەکو ئاشکرایە کێشە لە نێو هاووڵاتییە عێراقییەکان هەیە لەدوای ڕووخانی سەددام، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵبوونی هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کە لەژێر دەسەڵاتی ستەمدارو دیکتاتۆر چەندین ساڵ ئەشکەنجەمان لە دەستی چێشتووە، هیچ کەلێنێک بۆ ئازادی نەبووە، هەموو عێراق چەوسابۆوە، ڕژێمی پێشووی کوردو شیعەو کەمینەکانی دەچەوساندەوە. هەر بۆیە، هیچ تەداولێکی ئاشتیانەی دەسەڵاتمان نەبینووە، هەرگیز ئەو بیرۆکەیەمان بۆ نەدەهات کە ڕۆژێك بێت و سەرۆك کۆمار بگۆڕێت، تەنانەت نەماندەزانی گۆڕینی سەرۆك وەزیران چییە، ئەوەی ڕاستی بێ هاووڵاتی عێراقی نەیدەزانی وشەی «گۆڕانکاری» مانای چییە. بەڕای من ئەو هەموو کۆمەڵ بوونە لە هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری چەترێکی فراوانی لەسەر تەواوی گەلی عێراقی بڵاوکردەوە. لە لایەکی ترەوە، کێشەیەکی تر هەیە کە ئەویش بریتیە لەوەی کە لە عێراقی نوێدا زۆر زەحمەتە زۆرینەی سیاسی حوکمڕانی بکات. ئێمە هەموومان دەزانین کە شیعەکان لە عێراق زۆرینەن، بەڵام ناکرێ بڵێین شیعە زۆرینەی سیاسییە، لەبەرئەوەی شیعەکان چەندین گروپی سیاسی جیاوازی تێدایە، لەگەڵ چەندین جۆر لە گروپی ئایینی و پارتی سیاسی. بۆیە دەبینین ئەو جیاوازییە چەترێکی بەسەر دیمەنی سیاسی عێراق هەڵداوەو بووە بە بەربەستێك لە ڕێگای پێکهێنانی حکوومەت. دوای هەر هەڵبژاردنێکدا دەبینین عێراق دووچاری گرفت دەبێتەوە لە بارەی پێکهێنانی حکومەت، هۆکاری ئەوەش بۆ نەبوونی زۆرینەی سیاسی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی گەر هات و

زۆرینەی سیاسی لە عێراقدا هەبوایە ئەوە زۆربەی کێشە سیاسییەکانمان چارەسەر دەکران. کێشەیەکی تر هەیە، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنە، هزری ئۆپۆزسیۆن تاکو ئێستا نەگەیشتووەتە قۆناغی پێگەیشتن لە عێراق. لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا دەبینین دەسەڵاتی حوکمڕان هەیە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی، بەڵام ئۆپۆزسیۆن ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤانە و بونیاتنەرە نەك نێگاتیڤانە. بۆ نموونە: (ئیئتیلافی عێراقی یەکگرتوو)، کاتێك کە ڕەخنەی لە هەندێ لە یاساکان دەگرت هەڵوێستێکی ئۆپۆزسیانەی هەبوو. هەروەها (هاوپەیمانی کوردستان)، کاتێك کە هەندێ لە پرۆژە یاساکانی ڕەتدەکردەوە هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنی دەبوو. بەڕای من (ئیئتیلافی عێراقی)و (هاوپەیمانی کوردستانی) هەڵوێستی ئۆپۆزسیۆنیان هەبوو، بەڵام لایەنەکانی تری پەرلەمان لە هزری ئۆپۆزسیۆن تێنەدەگەیشتن، ئەو لایەنانە ئۆپۆزسیۆنێکی نێگاتیڤانەو ڕووخێنەر بوون. هەر بۆیە، زۆر پێویستە هزرێکی نوێ دروست بێت لە ئۆپۆزسیۆن، بەشێوەیەك کە ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ و بونیاتنەر بێت، کە ئەدائی حکومەت بەهێزتر بکات و هەموو هەوڵێك بدات بۆ هاندانی دەسەڵات لەپێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە باشترین شێوە بۆ هاووڵاتییەکان، بەڵام نەك تەنیا جەخت بکاتە سەر کەلێن و بۆشاییەکان و چاوەڕوانی هەڵە بکات لە حکومەت و تەنیا باسی شتە نەشیاوەکان بکات، ئەمە ئەو کێشەیەیە کە دووچاری واقعی سیاسی هاوچەرخ بووەتەوە لە عێراق.

## کولتووری دڵەڕاوکێ و نامتمانەیی لەنێو پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا

*** مێژووی حوکمرانی عێراق شێوەیەك لە دڵەڕاوکێ و بێ متمانەیی لەنێو پێکهاتەکانی گەلی عێراق درووستکردووە؟ چۆن بتوانین ئەو کولتوورە لە دڵەڕاوکێ و نامتمانەیە بگۆڕین بۆ کولتووری متمانە بەیەك کردن و پێکەوەژیان؟**

- ئەم پرسیارە پرسیارێکی ژیرانەیەو هەر لەنێوخۆیدا وەڵامەکە دەدۆزرێتەوە، من بەتەواوەتی هاوڕام لەگەڵ کۆنتێکستی ئەم پرسیارەو دەڵێم کە عێراق بە دەیان ساڵ لەژێر دەسەڵاتی کەمینەیەکدا بووە، شایەنی باسە من لێرەدا مەبەستم لە کەمینەی سوننە نییە، بەڵکو مەبەستم کەمینەی دەسەڵاتدارە لە عێراق، ئەو کەمینەیە هەر هیچ خەسڵەتێکی دیموکراسیی تێدا نەبووە، دەسەڵاتی پێشوو لە عێراق جۆرە نامتمانەییەکی لەنێو نەتەوەکاندا دروست کرد. سەرەتا نامتمانەیی لەنێو زۆرینەی ژمارەیی کرد کە شیعەکانن، لە هیچ وڵاتێکی جیهاندا نابینرێت زۆرینەیەکی ژمارەیی لە لایەن کەمینەیەك حوکمڕانی بکرێت، ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە بەدەگمەن ڕوو دەدات. هەروەها نامتمانەیی لەنێو کەمینەیەکی نەتەوەیی دروست کرد، مەبەستم لە کوردەکانە، کەمینەی دەسەڵاتدار لە عێراق بۆ دەیان ساڵ کوردەکانی ئەشکەنجەو چەوساوەوە. بەو شێوەیە، دەسەڵاتی پێشووی عێراق کە کەمینەیەك بوو نامتمانەیی لەنێو هەموو پێکهاتەکانی عێراق دروست کرد، ئەمڕۆش هەرچەندە هەنگاوەکانمان بچووك و کورت و هێمنن، بەڵام تارادەیەك هەنگاوی باشن و لەجێی خۆیەتی، لە سەرووی هەمووشیان ئەوەیە کە سەرۆك کۆماری عێراق کەسایەتییەکی کوردە. بەڕای من هەبوونی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) لەپۆستی سەرۆك کۆماری عێراق فاکتەرێکی گرنگ و یاریدەدەر دەخوڵقێنێت بۆ دروست بوونی متمانە لە عێراق. لەلایەنێکی دیکەوە، توانای بەڕێز (تاڵەبانی) لەسەر بردنەوەی متمانەیی قەوارە سیاسییەکانی دیکە فاکتەرێکی ترە بۆ تواندنەوەی ئەم بەستەڵەکە. هەر بۆیە، ئێمە بەهیچ شێوەیەك لاریمان نییە لە وەرگرتنی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، لەبەرئەوەی هاووڵاتییەکی عێراقییەو هەست بە هەموو کێشەکانی عێراق دەکات.

*** من دیسان پرسیارەکەی خۆم دووبارە دەکەمەوە، چۆن بتوانین ئەو کولتوورە لە دڵەڕاوکێ و نامتمانەیە بگۆڕین بۆ کولتووری متمانە بەیەك کردن و پێکەوەژیان لەنێو هاووڵاتییەکانی عێراق؟**

- فاکتەری یەکەم: پشت بەستن بە چەمکی هاوبەشی نشتیمانی و پێویستبوونی بەشداریکردنی هەموو عێراقییەکان لە بەڕێوەبردنی عێراق و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقی.

فاکتەرێکی دووەم: ناکرێ هەڵوێستێکی هەستیارانەمان هەبێت کاتێك کە کەسایەتییەکی عێراقی پۆستێکی گەورە وەردەگرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسایەتییە کورد بێت شیعە یان سوننە. بەداخەوە، زۆر پێمان ناخۆش بوو کە دەنگی نارەزایی و بەرهەڵستکار بەرز بووە لەدژی دەستنیشانکردنی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) وەك سەرۆك کۆمار تەنیالەبەرئەوەی کەسایەتییەکی کوردە، بەڕای من ئەو جۆرە دەنگانەیە کەنامتمانەیی دروست دەکات. هەر بۆیە، ئەگەر گەیشتینە ئەو قۆناغەی کە هەست بە دڵگرانی نەکەین لە وەرگرتنی کوردێك یان شیعەیەك یان سوننەیەك بۆ هەریەك لە پۆستەکان، ئەگەر سەرۆك وەزیران بێت یان سەرۆك کۆمار، پاشان بتوانین کەسانی شیاو بۆ شوێنی شیاو بێنین کە بتوانن ئەم وڵاتە بەڕێوەببەن، ئەو کات بەڕای من دەتوانین ئەم بەستەڵەکە بتوێنینەوەو تۆوی متمانەیی لەنێو ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بچێنین.

*** ئایا تا چەند ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا بۆتە هۆکاری چەسپاندنی کولتوری ئەنتی دیموکراتی لە عێراقدا؟**

- بەراشکاوانە دەڵێم کە دەوڵەتی عێراق بەهیچ شێوەیەك دیموکراسییەتی بەخۆیەوە نەبینیوە، جگە لە سەردەمی شانشینی نەبێت،لە دیاردەکانی دروستبوونی سیستەمی پەرلەمانی لەگەڵ دروستبوونی ئەنجوومەنی (ئەعیان)و ئەنجوومەنی (نوێنەران)، لەو سەردەمەدا جۆرە دیموکراسییەتێکمان بینی، پاشان سەردەمی کۆماری هات و زۆریش بەداخەوە هەر لە سەرەتای

**زۆر پێویستە هزرێکی نوێ درووست بێت لە ئۆپۆزسیۆن، بەشێوەیەك کە ئۆپۆزسیۆنێکی پۆزەتیڤ و بونیاتنەر بێت، کە ئەدائی حکومەت بەهێزتر بکات و هەموو هەوڵێک بدات بۆ هاندانی دەسەڵات لەپێناوی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە باشترین شێوە بۆ هاووڵاتییەکان**

**دەسەڵاتی پێشوو لە عێراق جۆرە نامتمانەییەکی لەنێو نەتەوەکاندا دروست کرد. هەروەها نامتمانەیی لەنێو کەمینەیەکی نەتەوەیی دروست کرد**

زۆر پێمان ناخۆش بوو کە دەنگی نارەزایی و بەرهەڵستکار بەرز بۆوە لەدژی دەستنیشانکردنی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) وەک سەرۆک کۆمار تەنیا لەبەرئەوەی کەسایەتییەکی کوردە

ئەمڕۆ ئەرکێکی زۆر قورس و گەورەو گرنگ لەسەر شانی دەستەواژە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە، بەشێوەیەک کە پێویستە ئەدائێکی سیاسی و بەرز پێشکەش بە رۆڵەکانی عێراق بکەن

سەردەمی کۆماری لە ساڵی ١٩٥٨و تاکو رووخانی بتەکەی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣دا عێراق یەك چرکە دیموکراسییەتی بەخۆوە نەبینی، ناڵێم رۆژێك، بەڵکو دەڵێم بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵانەدا یەك چرکە دیموکراسییەتمان نەبینیوە. هەر بۆیە، ئەمڕۆ ئەرکێکی زۆر قورس و گەورەو گرنگ لەسەر شانی دەستەواژە سیاسییەکانی عێراقدا هەیە، بەشێوەیەك کە پێویستە ئەدائێکی سیاسی و بەرز پێشکەش بە رۆڵەکانی عێراق بکەن.



## داخوازییەکانی کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراق دا

*** ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر نەکرێت عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت. چۆن بتوانین تێگەیشتن لەسەر چەمکی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرێگاچارەیەکی ئاشتییانە بکەین بە فاکتەری بەهێزی حکومڕانی لە عێراق؟**

- زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە کێشەی کورد چارەسەر بووە، لەبەرئەوەی هەر لەدوای رووخانی سەددام کورد بۆتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەمڕۆ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقی کوردی تێدایە، هەر لە سەرۆکایەتی کۆمار تا دەگاتە وەزارەتی دەرەوەو ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان، لەگەڵ باڵیۆزخانەکان. هەر بۆیە، بەڕای من، کە ئەمڕۆ کورد بەشداری لە سیاسەت و کاروبارەکانی عێراق دەکات و لە دامودەزگاو وەزارەتەکانی حکومەتدا کاردەکات.

*** کەواتە با پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە بکەین،ئایا تا چەند داخوازییەکانی کورد رەچاودەکرێت بۆئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەسەرکەوتویی بەڕێوەبچێت و حکومەتی نشتیمانی عێراق پێکبهێنرێت؟**

- هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، چیتر پێویست ناکات باس لە کێشە یان گرفت یان پرسی کورد بکرێت، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ کورد بەشێکی سەرەکییە لە دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراقدا. هەربۆیە مایەی سەرسوڕمان نییە کە ئەمڕۆ لەسەر لوتکەی هەرەمەکە کەسێك ببینین، مەبەستم لە سەرۆك کۆمارە، کە کەسێکی کوردە، جگە لە وەزارەتی دەرەوەو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران. پێکهاتەی کوردی رۆڵێکی سەرەکی و کارای هەیە، هەروەها رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە چارەسەرکردنی چەندین کێشەو گرفتی هەڵپەسێراو لەنێوان لایەنە سیاسییەکان. هەر بۆیە، باسکردنی کێشەی کورد پێویست نییە. ئەو شتەی کە لای کوردەکان گرنگ بێ بەلای گەلی عێراقیشەوە گرنگەو ئەو شتەش کە لای گەلی عێراقی گرنگ بێت بەلای کوردەکانیشەوە گرنگە. کورد بەشێکە لە هەموو، هەمووش کاردەکەن بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بە کوردەکانیشەوە.

## جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان

*** بەڵام کوردەکان داواکارییان هەیە، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی دەستووری عێراقی و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان. ئایا بەڕای تۆ تا چەند ئەو داواکارییانە رەچاودەکرێن؟**

- سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەستوور، بەڕای من ئەوە تەنها داواکاری کورد نییە. دەستوور رێککەوتنێکی سیاسی نییە کە چەند پارتێکی سیاسی لەسەری رێککەوتبن، نەخێر. دەستوور باڵاترین مەرجەعەو پێویستە هەموو لایەك لەسەر برگەو بەندو دەقەکانی پابەندبن،بۆیە هەرچەندە کوردەکان داوای جێبەجێکردنی دەستوور دەکەن و سەرەڕای ئەوەی کە داواکارییەکی لۆژیکانەیە، بەڵام ئەوە تەنها داخوازی کوردەکان نییە، بەڵکو ئەمڕۆ دەستوور توخمێکی سەرەکییەو پێویستە لەسەر هەمووان پابەندی بن، هیچ کەسێك بۆی نییە سەرپێچی لە دەستوور بکات، تەنانەت گەر سەرۆك کۆمار بوو یان سەرۆك وەزیران یان وەزیر یان ئەندامی ئەنجوومەنی نشتیمانی، یان هەر هاووڵاتییەکی ئاسایی. هەر بۆیە، داخوازی کوردەکان بۆ پابەندبوون بە دەستوور راستییەکە کەس ناتوانێت نکوڵی لێبکات. بەڵام سەبارەت بە کێشەی ناوچە دابڕاوەکان، هەموومان دەزانین کە چەندین ناوچە هەنە کە تاکو ئەمڕۆ نە لە دەستوورو نە لە یاسا لاوەکییەکان چارەنووسیان دیاری نەکراوە. هەربۆیە، بەڕای من، دەکرێ ئەم جۆرە کێشانە چارەسەربکرێن لەرێگای دیالۆگی ئاشتییانەو ئەنجامدانی دانوستاندن لەگەڵ قەوارە سیاسییە جیاوازەکان. بانگەشەکردن بۆ دیالۆگ و دانوستان و پابەندبوون بە دەستوور رێگاچارەیە بۆ گەیشتن بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانمان. مەبەستم ئەوەیە کە لەرێگای پابەندبوون بە هەموو میکانیزمە یاسایی و دەستوورییەکان و رێزگرتن لە چەمکی



هاوبەشی نشتیمانی دەتوانین هەموو کێشەو گرفتە سیاسییەکان و کێشە هەڵپەستراوەکان چارەسەربکەین، لەوانەش کێشەی ناوچە دابڕاوەکانە.

*** سەبارەت بە هاوپەیمانی نێوان لیستی (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی). ئایا تا چەند مەزندە دەکرێت یەکگرتنی (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نشتیمانی) کێشەی سەرۆك وەزیران یەکلابکرێتەوە؟**

- سەبارەت بە مەسەلەی هاوپەیمانی نێوان لیستی (ئیئتیلافی نشتیمانی)و (دەوڵەتی یاسا)، بەڕای من ئەوە شتێکی لەناکاو و مایەی سەرسووڕمان نییە. هەموومان دەزانین کە ڕێککەوتنێکی ستراتیژی گەورە هەیە لەنێوان ئەو دوو لیستە، تەنانەت (هاوپەیمانی کوردستانی) ش ئاگای لەو شتە هەیە. هەربۆیە، دروستبوونی جۆرە هاوپەیمانێتیەك لەنێوان ئەو ٢ لیستە مایەی سەرسوڕمان نییە، بەتایبەتی هەموومان دەزانین کە تێڕوانینی (دەوڵەتی یاسا) پێش هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئادار، بریتی بوو لەوەی کە هەر یەك لە (دەوڵەتی یاسا) و (ئیئتیلافی نشتیمانی) بەتەنیا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، پاشان هەردووکیان پێکەوە لە دوای هەڵبژاردنەکاندا بەرەیەك دروست بکەن. هەر بۆیە بەڕای هاوپەیمانی لەنێوان ئەو ٢ لیستە شتێکی نوێ و کتوپڕ لەناکاو و مایەی سەرسوڕمانی نییە، بەڵکو ئەوە شتێکی پێشبینی کراوەو لەمیانی قۆناغی هەڵبژاردنەکاندا چەندین جار باسی لێکراوە. بەڕای من ئەو ٢ هاوپەیمانە بەرەو ئاراستەی پێکهێنانی قەوارەیەکی پەرلەمانیدا دەڕۆن کە ئەرکی پێکهێنانی حکومەت لەئەستۆ دەگرێت کە بریتی دەبێت لە (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نشتیمانی)و (هاوپەیمانی کوردستانی)، ئەگەر (ئەلعێراقییە)ش ویستی ئەوە دەتوانێت بچێتە پاڵیان. ئەگەر (ئەلعێراقییە) بیەوێ بچێتە نێو ڕیزی ئەو قەوارەیە ئەوە هیچ بەربەستێك لەڕێگایدا نییە، تەنیا ئەو کاتە نەبێ کە بیەوێ ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێت.

*** ئەی ڕاتان چییە بەرامبەر کێشەی سەرۆك وەزیران؟**

- لەمیانی دانوستان و گفتوگۆ دانیشتنەکانی قەوارە سیاسییەکاندا هەستمان کرد جۆرە زەحمەتی و ئاڵۆزییەك هەیە لە دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا لە دەستی شەخسی سەرۆك وەزیراندایە، دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە دەستی سەرۆك وەزیرانە، بۆیە ململانێ و ناکۆکی هەیە لەسەر ئەو پۆستە، بەڵام من بڕوام وایە کە ئەو کێشەیە چارەسەردەکرێت لەڕێگای ئەو هاوپەیمانێتییەی لەنێوانی (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نشتیمانی عێراقی)، هەروەها لە سەرچاوەکانمانەوە گوێ بیستی دەنگۆیەك بووینە کە داواکاری هەیە بۆئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران لەو ٢ هاوپەیمانە دەرنەچێتە دەرەوە.

*** بەڵام بەڕای تۆ، ئەو هاوپەیمانێتییە لە بەرژەوەندی (د.مالکی)دا دەبێت بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران؟**

- بەڕێز (مالکی) تاکو ئێستاش چانسی ماوە بۆئەوەی ڕاسپێردرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت، دانوستانیش هێشتا بەردەوامە. ئێمەیش زانیاریمان هەیە کە لیستی (دەوڵەتی یاسا) هێشتا پێی داگرتووە لەسەر کاندیدکردنی کەسایەتیی (د.مالکی) بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەویش بەهۆی هەڵوێستەکانی کەسایەتیی بەڕێز (مالکی) لە ڕابردوودا، ئەوەی ڕاستی بێ (د.مالکی) توانیی کارێکی گرنگ و مەزن ئەنجامبدات لە ڕەخساندنی سەقامگیری، هەڵبەتە ئەگەر هەر کەسێکی تر لەشوێنی (د. مالکی) بوایە لەوانەیە نەیتوانیبایە ئەو پێشکەوتنە بەرچاوە لە ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری وەدی بێنێت. بەتایبەتی، هەرچەندە ئێمە ئەمڕۆ لە دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی ئەنجومەنی نوێنەرانین، بەڵام لەڕاستیدا، حکومەت بە سەرۆکایەتیی (د.مالکی) توانی بەشێوەیەکی بەهێزو بوێرانە تیرۆریستان سەرکوت بکات، هێزەکانی ئاسایشی عێراقی توانییان سەرانی تیرۆر لە عێراق بکوژن، کە بریتی بوون لە (ئەبو ئەیوبی میسری)و (ئەبو عومەری بەغدادی). هەر بۆیە لەو بوارەدا بڕوام وایە کە بەڕێز (مالکی) ئەو چانسەی هەیە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێتەوە.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە، ئایا بەڕای ئێوە، قەوارە سیاسییەکان دەتوانن لەماوەیەکی نزیکدا بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو؟**

- پەنا بەخودا، ئێمە گەشبینین قەوارە سیاسییەکان، (دەوڵەتی یاسا)و (ئیئتیلافی نشتیمانی)و (هاوپەیمانی کوردستانی)، بەنیازن حکومەت پێکبهێنن، لەگەڵ هاوبەشکردنی لستی (ئەلعێراقییە) لەو پرۆسەیەدا. من زۆر گەشبینم لەوڕووەوە.

**کێشەی کورد چارەسەر بووە، لەبەرئەوەی هەر لەدوای ڕووخانی سەددام کورد بۆتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا**

**ئەمڕۆ کورد بەشێکی سەرەکییە لە دەسەڵاتی سیاسیی لە عێراقدا**



دیموکراسی تەنیا بریتی نییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن

**تۆماس ئەمبرۆسۆی بۆ گوڵان:**

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێوەندی بە باری ئاسایش و سەقامگیری عێراقەوە نییە

**پرۆفیسۆر تۆماس ئەمبرۆسۆی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس داکۆتا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە چارەسەرکردنی کێشە ئیتنییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی، یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە لەسەر کێشەی کورد ئیشی کردووە و یەکێك لە نووسینەکانی بە ناونیشانی : بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کورستان: هەلێکی سیاسیی و ناسنامەی نەتەوەیی. سەبارەت بە رەوشی ئێستای کورد لە عێراقدا و رۆڵی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، پرۆفیسۆر ئەمبرۆسۆی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە وڵاتێکی دیموکراتی و سەقامگیر لە دوای خۆی جێبهێڵێت لە عێراقدا

### هاوپەیمانێتیەکی کارا بۆ پێکهێنانی حکومەت

*** سەرەتا چۆن بارودۆخی عێراق دەخوێننەوە دوای ئاشکراکردنی هەڵبژاردنەکان بە تایبەتی لە رووی هەوڵدانی لایەنە جیاوازەکان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانن حکومەت پێکبهێنن؟**

- ئێمە دەزانین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە یەکەوە نزیك بوون، هەروەها هێشتا نازانین بە چ رەوتێکی خێرا هاوپەیمانی پێکدەهێنرێت، بە لای کەمەوە هاوپەیمانێتیەکی کارا بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت پێکبهێنێت و کاروبارەکانی حکومەت هەڵسوڕێنێت، هێشتا ئەمە روون نییە.

*** ئەوەی روونە دیموکراسی تەنیا بریتی نییە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لەم رووەوە هەندێ کەس ئاماژە بەوە دەکەن کە کولتووری دیموکراسی بوونی نییە لە عێراقدا و ئەنجامدانی هەڵبژاردنیش تەنیا بۆ ئەوەی پارتە سیاسییەکان ململانێی دەسەڵات بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە لەو باوەڕدان خەڵکی عێراق بتوانێت دیموکراسی پیادە بکات، یاخود بتوانرێت سیستمە سیاسییەکە لە عێراقدا بە دیموکراتی بکرێت؟**

- ئێمە دەزانین قۆناغی یەکەم کۆتایی هات کە بریتی بوو لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد روون نییە بە چ رەوتێکی خێرا دەتوانرێت هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بتوانرێت حکومەتێکی نوێ دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو ماون لە وڵاتەکەدا، بۆ نموونە هێشتا ئەو کێشەیە یەکلانەکراوەتەوە کێ حکومڕانێتی عێراق دەکات؟، بە تایبەتی ئەم کێشەیە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا زیاتر زەقە، هەروەها کوردەکانیش کێشەیان هەیە لە وڵاتەکەدا، بە تایبەتی ئەوەی پێوەندی بە کەرکوك و چۆنییەتی دابەشکردنی داهاتی نەوتەوە هەبێت، کە لەم روانگەیەوە باوەڕم وایە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکان بۆتە ئەرکێکی قورستر نەك ئاسانتر.

### دواخستنی پێکهێنانی حکومەت

*** بەڵام ئایا دواخستنی پێکهێنانی حکومەت کاریگەری نابێت لەسەر پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا؟ ئایا ئەمریکا بایەخ بە سەقامگیری عێراق نادات دوای کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکی باشی نابێت، بەڵام دەتوانم ئەوە بڵێم کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزەکانی لە عێراق پاشەکشە پێدەکات، بە چاوپۆشین لەوەی لەو وڵاتەدا چی روودەدات، واتە ئیدارەی ئۆباما پێداگیری دەکات لەسەر ئەم پرۆسەی کشاندنەوەیە. راستە ئەگەر بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بێت دوای ئەم کشاندنەوەی، ئەوا

کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئەو ئەنجامەی ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئەمریکا بەدەستی دەهێنێت. بەڵام ئەگەر بارودۆخەکە تا رادەیەك لە کۆنترۆڵدا بێت، ئەوا ئۆباما گرنگیەکی ئەوتۆی پێنادات، لەبەر ئەوەی سیاسەتە ناوخۆییەکان پتر کاریگەریان هەیە لەسەر هەڵوێستی سەرۆکی ئەمریکا. ئەوەی پەیوەندی بە بایەخپێدانی ئەمریکاوە هەبێت بە سەقامگیری عێراق، دەڵێم لە رووی میسالیەوە، ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە وڵاتێکی دیموکراتی و سەقامگیر لە دوای خۆی جێبهێڵێت لە عێراقدا، بە چەشنێك دیموکراتییەکی راستەقینە لەم وڵاتەدا بێتەئاراوە، بەڵام لە واقیعدا ئۆباما کەسێك بوو کە زۆربەی هەڵمەتی راگەیاندنە سەرۆکایەتیەکەی خۆی لەسەر هێرشکردنی سەر بڕیاری شەڕی عێراق و سیاسەت و هەڵوێستی سەرۆك بوش لە ئاست عێراقدا بنیاتنابوو، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم راستییەمان لەبەرچاوبێت کە ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە هێزەکانی لەو وڵاتەدا بکێشێتەوە، ئەگەرچی بارودۆخی وڵاتەکەش زۆر سەقامگیر نەبێت، ئەمە شتێکی خۆش نییە ئاماژەی پێبکەن، بەڵام ئەوە واقیعەکەیە.

## وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە

*** عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایینە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی دروستبوونی کولتووری لێبوردەیی و پێکەوەژیان، لە هەمان کاتدا هەموو رژێمە پێشووەکانی عێراق هەوڵی بە مەرکەزیکردنی دەسەڵاتیان داوە و ئەمەش سەریکێشاوە بۆ ناسەقامگیری، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان هەوڵی سڕینەوەی ئەم فرەییان داوە؟**

- لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان لەبەر ئەوەی ئەو لایەن و پێکهاتەیەی جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست ئامادەنەبوو دەست لە دەسەڵات هەڵبگرێت و ئامادەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات نەبوو، بۆ نموونە سوننەکان هەر لەو ساتەوەی کە حکومڕانییان گرتەدەست، بەم شێوەیە رەفتاریان کرد. هۆکاری دووەم ئەوەیە لەو وڵاتانەدا کە فرەیی نەتەوەیی و ئایینی تێدایە، دەبێت ناسنامەیەکی بەهێزتر هەبێت لە ناسنامە ئایینی و تائیفی و ئیتنییەکان، کە ئەم حاڵەتە لە عێراقدا بەدی ناکرێت، هەروەها ئەوەی ئەوەندی دیکە دۆخەکە ئاڵۆز دەکات، نەبوونی کولتووری دیموکراسی و بەهاکانی دیموکراسی و کولتووری لێبوردەییە، لەگەڵ مێژوویەکی دوورودرێژ لە پەنابردنەبەر توندوتیژی دژی یەکتر، چونکە ئێمە بینیمان هەندێ جار لە وڵاتێکی وەك بەلجیکادا هاوپەیمانێتییەکان هەرەس دەهێنن کە وڵاتێکی دیموکراسیە، ئایا دەبێت حاڵی وڵاتێکی نادیموکراسی چیبێت کە فرەیی ئیتنی و ئاینی تێدابێت.

*** ئێمە دەزانین هەر لە ساڵی ١٩٩١ەوە لە کوردستانی عێراقدا چەندین نەتەوە و ئایینی جیاواز پێکەوە لەم هەرێمەدا دەژین، بۆ نموونە ئێمە دەبینین کە مزگەوت و کڵیسا لە پاڵ یەکدا دروست دەکرێن، هەروەها خەڵکی ئەم هەرێمە سەرقاڵە بە پرۆسەی بنیاتنانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم لێبوردەییە لە بەشەکانی دیکەی عێراق بەدی ناکرێت، لە کاتێکدا کوردستان بەشێکە لەم وڵاتە؟**

ئێمە دەزانین کوردستان دیموکراسیترین بەشی عێراقە، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ببێتە مۆڵگەی ئارامی یان جێی دالّدەدانی مەسیحییەکان کەلە سەرکوتکاری هەڵاتوون. ئەوەی پەیوەندی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە هەبێت، ئەوا پێمەوایە تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی نەبووە، لەبەر ئەوەی کێشەی دیکە هەبووە کە سەرقاڵی کردووە، هەروەها ئەولەویەتی ئێستای ئەمریکا کشاندنەوەی هێزەکانێتی لە عێراقدا، ئەمە شتێکی خراپە و مایەی شەرمە، بەڵام نابێتەهۆی گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم پرسەدا. بەڵام لە پرسیارەکەتاندا ئاماژە بە دوو مەسەلە دەکرێت، یەکەمیان پەیوەستە بە مەسیحییەکان و کەمینەکانی دیکە لە کوردستاندا، راستە سیاسەتی لێبوردەیی و رێزگرتن لە ئاست ئەم کەمینانەدا پیادە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە کەمینەیەکی زۆر بچووکن کە ناتوانن هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدەن. لە لایەکی دیکەوە ئێوە ئاماژە بە کێشەی کەرکوك و سیاسەتی تەعریبە دەکەن کە لەو ناوچەیەدا روویداوە.

## ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی تائیفی و ئایینی

*** ئێمە دەزانین حاڵی حازر لە عێراقدا حکومەتێك هەیە کە تەنیا کارەکان رایی دەکات، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، بەڵام هێشتا حکومەت پێك نەهێنراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ رادەیەك ئەمە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی تائیفی و ئایینی لە وڵاتەکەدا و تا چ رادەیەك ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار دەبێت دەستێوەردان بکات؟**

- دۆخەکە مەترسیدارە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بۆتە مایەی ئەوەی توندوتیژی زیاتر بەرەو هەڵکشان نەچێت، ئەوەیە لایەنە سەرەکییەکان بڕیاری ئەوەیان نەداوە پەنا بۆ توندوتیژی ببەن بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازییەکانیان. بەڵام پێمەوایە ئەگەر نەتوانرا هاوپەیمانێتی پێکبهێنرێت و ئەگەر مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دوابخرێت، ئەوا رەنگە ئەو لایەنانە کەمتر دان بە خۆیاندا بگرن و ئەو کاتە ئەگەری پەنابردنەبەر توندوتیژی زیاتر دەبێت.

## دەستێوەردانی ئێران و سعوودییە لە پێناو کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ناوخۆی عێراقدا

*** ئێران پاڵپشتی لایەنە شیعەکان دەکات بۆ ئەوەی یەکبگرن بۆ ئەوەی حکومڕانیتی عێراق بکەن و شیعەکان باڵادەست بن لە وڵاتەکەدا، هەروەها سعودیەش پاڵپشتی سوننەکان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی رێگە لەم وڵاتانە بگرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخی ناوخۆی عێراق نەکەن؟**

- پێمەوایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانێت کار بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم هەوڵانە بکات، کە ئێمە دەزانین کێشەی ئێران بەرەو هەڵکشان دەچێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پەرەپێدانی چەکی ناوکییەوە هەبێت، هەروەك یەکێك لە چاودێران رایگەیاند ئێران ئێستا بە خراپی رەفتار دەکات، ئایا ئەگەر ئەم چەکە بەدەست بهێنێت دەبێت رەفتاری چۆن بێت، کە لەم رووەوە ئەمریکا هیچ کارێکی نەکردووە، بۆ رووبەڕووبوونەوەی، چونکە تا ئێستا ئێمە باسی سزاکان دەکەین، بەڵام کوا کاریگەریان، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە عێراق وەك گۆڕەپانی ململانێی ئەم وڵاتانە دەمێنێتەوە و رەنگە خراپتریش بێت. ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پێگەی ئەمریکا دەبێت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە چیتر ئیدارەی ئێستای خوازیاری ئەوەنییە ئەمریکا هەمان ئەو رۆڵەی هەبێت کە لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج بوشدا هەیبوو، ئایا ئەمە راستە یان هەڵە، ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام ئەمە سیاسەت و هەڵوێستی ئیدارەی ئێستای ئەمریکایە، لەبەر ئەوە رەشبینم لە ئاست ئەوەی ئەمریکا بتوانێت سنوورێك بۆ ئەو کێشانە دابنێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئێوە دەبێت ئەو راستییە بزانن کە چەندین کێشەی ناوخۆیی هەن کە بوونەتە هۆی سەرقاڵکردنی ئیدارەی ئۆباما، ئەم کێشانەش رەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر ئەو سیاسەتە دەرەکییەی ئەمریکا لە جیهاندا دەیگرێتەبەر.

**لەو وڵاتانەدا کە فرەیی نەتەوەیی و ئاینی تێدایە، دەبێت ناسنامەیەکی بەهێزتر هەبێت**

**کوردستان دیموکراسیترین بەشی عێراقە، لەبەر ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ببێتە مۆڵگەی ئارامی یان جێی دالّدەدانی مەسیحییەکان کەلە سەرکوتکاری هەڵاتوون**



# بۆچی مەرام و پیلانەکانتان لە پشت خوێنی شەهید سەردەشت دەشارنەوە؟

## کۆمپانیای وشە تۆڵەی شکستی هەڵبژادنەکان لە گەلی کوردستان دەکاتەوە


گوڵان
ژمارە (٧٨١)
٢٠١٠/٥/١٧

**«بە فەرمانی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا پێوەندیدارەکانی هەرێم سەبارەت بە پرسی رفاندن و شەهیدکردنی قوتابی سەردەشت عوسمان پێکهێنراوە و لیژنەی ناوبراو لەسەر کارەکانی خۆی بەردەوامە . سەرۆک بارزانی داوای لە لیژنەکە کردووە زۆر بەجددی و بە بایەخەوە بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو رووداوە مەترسیدارە بکەن، تاوەکو بە زووترین کات رێوشوێنی یاسایی بگیرێتە بەر و دەست و برد بکرێت بۆ دەسکەوتنی زانیاری سەبارەت بەم تاوانە دڕندەیە و ئاشکراکردنی ناوی بکەر و ئەنجامدەرانی .. سەرۆک بارزانی لەو فەرمانەیدا لیژنەی ناوبراوی راسپاردووە کە بۆ گەیشتن بە راستی مەسەلەکە، هەموو هێز و تواناکانیان بخەنەگەڕ لە پێناوی ئاشکراکردنی ناوی بکەرانی ئەو تاوانە بۆ رای گشتی کوردستان و گەیاندنیان بۆ بەردەم دادگا و سزادانیان بە پێی یاسا»**

**وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠١٠/٥/٨**

سەرانی کۆمپانیای وشە چۆن ناوی گۆڕان و ریفۆرم و گۆڕانکارییان ناشرین کرد، خەریکە ناوی ئۆپۆزسیۆن و دیموکراتیش لەخۆیان ناشرینتر دەکەن، خەریکن بە زۆری زۆردارەکی باری ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەگۆڕن بۆ ئاژاوە و گێرەشێوێنی و دروستکردنی کەشوهەوایەك کە نە یاسا لە وڵاتدا بمێنێت و نەخەڵك بزانێت رەوتی رووداوەکان بۆ کوێ دەچن و لەکوێ دەگیرسێنەوە، خەریکن بە ناوی ئازادی و دیموکراتییەتەوە هەرچی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە و بەهابەرزەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا پێشێل دەکەن و بە دەنگێکی ناساز تەپڵی شەڕ و ئاشوب بە گوێی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستاندا دەدەنەوە، سەرانی کۆمپانیای وشە خەریکن رۆژنامەگەری ئازاد و خوێنی شەهیدان دەکەنە وشەکانی نێو ئایدلۆژیەتی ستۆکی خۆیان و خەڵکی کوردستانی پێ چەواشە دەکەن، خەریکن خۆیان دەخەنە سەرووی یاسا و گاڵتە بە هەموو دامەزراوە شەرعییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن .. بۆیە کە کار گەیشتە ئەوەی رووداوی کارەساتێکی جەرگبڕی وەك رفاندن و شەهیدکردنی لاوێکی تەمەن ٢٤ساڵی وەك شەهید سەردەشت عوسمان بکرێتە رازاندنەوەی ئەو سیناریۆ و پیلانە پێشوەختەیەی کۆمپانیای وشە دژی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دایانڕشتووە، ئەوە دەبێت شێوازی دیالۆگ و قسەکردنیش بگۆڕێت بۆ ئەو زمانەی کە بەرانبەر قسەی پێدەکات و شەرعیەتی پێداوە، ئەگەرنا، رووداوێکی ناخۆشی وەك رفاندن و شەهیدکردنی شەهید سەردەشت کە هەم کارێکی دڕندانەیە دەرهەق بە گەنجێکی خێرلەخۆنەدیوی ئەم وڵاتە کراوە و هەم زەنگێکی مەترسیداریشە دژ بەو ئاسایش و ئارامییەی لە هەرێمدا شانازی پێوەدەکرێت، بۆچی بگاتە ئەوەی لایەنێك نان و پیازی سیاسیی پێوە بخوات و کەشێکی ئاڵۆزی وا دروست بکات کە یاسا نەتوانێت تیرۆریستان و بکەرانی ئەو کارە دڕندانەیە بەزووترین کات بدۆزێتەوە؟

## شاڵاوی ڕاگەیاندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشەو پاشکۆکانیان
## خۆڵی کوێرکردنی هاووڵاتیانە بۆ ئەوەی تیرۆریستان لە دەستی عەدالەت ڕزگاریان بێت

ئەو شاڵاوە ڕاگەیاندنەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای وشەو پاشکۆکانیان دەستیان پێکردووە و بێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، تۆمەت دژی پارتی و ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەبەشنەوە، ئەوا دەبێت جەماوەری کوردستان بزانن، ئەوەخۆڵی کوێرکردنی هاووڵاتیانە بۆ ئەوەی تیرۆریستان لە دەستی عەدالەت و یاساکانی هەرێمی کوردستان ڕزگاریان بێت، بەڵام خەیاڵیان خاوە، چونکە تا ئێستا تیرۆریستان وێڕای هەموو هەوڵەکانیان نەیانتوانیوە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستان تێکبدەن و لە دەستی یاسا و عەدالەت ڕزگاریان بێت، ئەمجارەش بکوژانی شەهید سەردەشت دەگەنە دەستی عەدالەت و یاسا و جەماوەری کوردستان وەك شێخ زانا و گرووپەکەی لەسەر شاشەی تیڤیەکان بە شەرمەزاری دەیانبینین، بەڵام با ئەمەیان بەجێبهێڵین بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوەکانی دەزگا پێوەندارەکان و دەست نەخەینە ناو کاروبارەکانیانەوە.

### بۆچی دەیانەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە ئامانج و تۆڵە لە خەڵکی کوردستان بکەنەوە کە دەنگیان پێنەداون ؟

پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە سەرانی کۆمپانیای وشە و شەخسی نەوشیروان مستەفا بۆچی ئەم مەسەلەیە وا دەشێوێنن؟ بۆ دەیانەوێت یاسا و عەدالەت ڕێگەی خۆی ون بکات؟؟ بۆچی دەیانەوێت پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە ئامانج و لە ژێر خوێنی شەهید سەردەشتەوە پیلانەکانی خۆیان دژی گەلی کوردستان پیادە بکەن؟ ئایا بۆچی دەبێت دژی ئیرادەی گەلی کوردستان رابوەستنەوەو هێرشی نابەجێ بکەنە سەر شەخسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی ڕاستەوخۆی گەلی کوردستانە و لە ٪٧٠ی گەلی کوردستان لە هەڵبژاردنی ئەمڕووزی ڕابردوودا متمانەی خۆیان پێداوە؟ ئایا بەکارهێنانی وشەی دەسەڵات، وەك دەسەڵاتێکی سەرکوتکار، ئیهانەکردنی


لڤین
١٢٦
www.lvinpress.com
بورهانی سەعید سۆفی بۆ لڤین:
کۆنگرەی یەکێتی چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتی ناکات، بەڵکو کێشەکانی قووڵتر دەکاتەوە
حەسەن عەلەوی بۆ لڤین:
تاڵەبانی سەرکردەیەکی عەرەبییەوعروبەی لە هەمووان بەهێزترە
بەپێی یاسایی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری پەرلەمانی کوردستان دەزگای پاراستن و زانیاری دوو دەزگای تیرۆریستین
لە دوای تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمانەوە
ترسی تیرۆری دەوڵەت لە کوردستان سەر هەڵدەدات
سەرکردە هەولێرییەکەی ئەلقاعیدە


هاوڵاتی
www.hawlati.info
داوای ڕوونکردنەوە لەپارتی دەکرێت
ئەمڕۆ سەرەتایە...لەمەودا بێدەنگ نابین!
بۆ سەردەشت عوسمان !
"تیرۆریست" یان دەسەڵات؟
پارتی، یەکێتی بە ڕفاندن تۆمەتبار دەکات
بانگەواز بۆ بەشداری لە خۆپیشاندانی دژ بە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان

سەرانی کۆمپانیای وشە چۆن ناوی گۆڕان و ریفۆرم و گۆڕانکارییان ناشرین کرد، خەریکە ناوی ئۆپۆزسیۆن و دیموکراتیش لەخۆیان ناشرینتر دەکەن

سەرانی کۆمپانیای وشە خەریکن ڕۆژنامەگەری ئازاد و خوێنی شەهیدان دەکەنە وشەکانی نێو ئایدۆلۆژیەتی ستۆکی خۆیان و خەڵکی کوردستانی پێ چەواشە دەکەن

ئیـــرادەی خەڵکـــی کوردســـتان نییە کە دەنگی بە لیســـتی کوردستانی داوە؟ ئایا ئێوەش هـــەر لەبەردەم ئەو جەماوەرە خۆتان نەپاڵاوتبوو، بـــەڵام متمانەتان پێنەدراو لە هەڵبژاردنەکانی ئاداری رابردوو وەك بڵقی سەرئاو پووکانەوە؟ ئایا ئێوە تۆڵە لە خەڵکی کوردستان دەکەنەوە کە دەنگیان پێنەداون؟ یـــان دەتانەوێـــت وڵاتێك کـــە گەلەکەی متمانەی بە ئێوە نەبێت ســـەرتاپای کاول بکەن؟ پێویســـتە وەڵامی ئەم پرســـیارانە بۆ خەڵکی کوردســـتان ئاشـــکرا بکرێن و راستیەکان چۆنن بۆ خەڵك، روونبکرێنەوە. خەڵکی کوردستان مامۆستا و ئەندازیارانی تیرۆر لە کوردستان دەناسن، ئەوەی ئەبوبکر عەلی نووسەر و شاعیری لەناو جەرگەی شـــاری ســـلێمانی بە نوێـــژی نیوەڕۆ بەئاشکرا شـــەهید کرد، ئێستا یەکێکە لە کادرە پێشـــکەوتووەکانی کۆمپانیای وشە و لە ژێر باڵی نەوشـــیروان مستەفادا بێ پەروا دانیشتووە، خەڵکی کوردستان دەزانن تەسفیەکردنی جەستەیی نەیارانی سیاسیی پیشەی کێیە و کێ لەناو شاری سلێمانی دەیان تێکۆشەری ئەم گەلەی تیرۆری کردن تەنیا لەبەرئەوەی بیروباڕوی کوردایەتییان لەگەڵ نەوشیروان مســـتەفا جیاواز بوو، خەڵکـــی کوردســـتان دەزانێت،هەر چۆن جەنابی مام جەلال لە پلینیۆمی یەکێتیدا ئاماژەی پێکرد، هەموو ئەو کارەســـات و مەینەتیانەی بەسەر میللەتەکەمان هاتووە رۆڵی ســـەرەکی و کاریگەری نەوشیروان مســـتەفای تێـــدا بووە،ئەم نەوشـــیروانە دەبووایە ئێســـتا وەك سیاســـەتمەدارێکی کامڵ مامەڵە بکات و ئەگەر پێشـــتریش هەرزەکارانە سیاسەتی کردبێت و داهاتووی گەلی کوردســـتانی لەبەرچاو نەگرتبێت، دەبوو ئێســـتا دوای ٧٠ ســـاڵ تەمەن و نزیکەی ٥٠ ساڵ کاری حزبی، بەرپرسانەتر مامەڵەی لەگەڵ ئەم واقیعە هەستیارەی ئێستای کوردســـتان بکردایە و لە پێناوی چەند مەرام و پیلانێکی سیاســـی خۆیدا موجازەفـــە بە هەمـــوو داهاتووی گەلی کوردســـتانەوە نـــەکات، کە خـــۆی پێش هەمووان ئەو راستیە باش دەزانێت کە نەك بە پیلانەکانی خۆی، بەڵکو بە هیچ هێزێك رەگوڕیشەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو جەماوەری کوردستاندا هەڵناکەنرێت و جەماوەری کوردســـتان متمانەی خۆی بە پارتی


# رۆژنامە
لە ئێستادا هەقێقە گۆڕانکاریی وشە دەدوێنێت

مافیا لە ناو مافیادا !
شێرکۆ بێکەس
ل١٦

No.561 Tue 11/5/2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 561 سێشەممە 2010/5/11

## تاریکیی و تۆقاندن... هەولێر دادەپۆشێت

هەولێر، ئاوارە حەمید

دەقی پەیڕەوی ناوخۆی ئینتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان
ل٥

جەوهەر نامیق: کۆنگرەی حیزبەکان شەرعیەت بە ناشەرعی دەدەن
ل٦

## «حکومەت دەسەڵاتی بەسەر دەزگاکانی ئاسایشدا نییە»

چاوان عەلی

## سبەی لە سلێمانی خۆپیشاندانە

رۆژنامە



روداوێکی ناخۆشی وەک رفاندن و شەهیدکردنی شەهید سەردەشت ، بۆچی بگاتە ئەوەی لایەنێک نان و پیازی سیاسیی پێوە بخوات و کەشێکی ئاڵۆزی وا دروست بکات کە یاسا نەتوانێت تیرۆریستان و بکەرانی ئەو کارە دڕندانەیە بەزووترین کات بدۆزێتەوە؟

ئەمجارەش بکوژانی شەهید سەردەشت دەگەنە دەستی عەدالەت و یاسا و جەماوەری کوردستان وەک شێخ زانا و گرووپەکەی لەسەر شاشەی تیڤیەکان بە شەرمەزاری دەیانبینین



## پرۆفیسۆر راندڵ کۆران بۆ گوڵان:

# بە سیاسیکردنی تاوانەکان زیانێکی زۆر بە دیموکراسی دەگەیەنێت

سەرانی کۆمپانیای وشە و شەخسی نەوشیروان مستەفا بۆچی ئەم مەسەلەیە وا دەشێوێنن؟

لەق ناکات، نەوشیروان مستەفا ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە بۆ لێدانی پارتی و( سەرۆکایەتی بارزانی بۆ خەڵکی کوردستان )کوڕی کورد بەناهەق بەکوشتن دەدات، زیاتر لە ٤٠ ساڵە تۆوی دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی خەڵکی کوردستاندا دەچێنێت و خەو بەوەوە دەبینێت کە خۆی ببێتە کەسی یەکەم لە کوردستان، بەڵام چل ساڵە مێژوو پێی دەڵێت ئەم خەیاڵەت پڵاوێکی سووتاوە و ئەو پاروە خواردنی بکوژێکی گەورەی وەك تۆ نییە، ئێستاش کە ئەم هەڵمەتە راگەیاندنەی دەست پێکردووە و بەشێوەیەکی زۆر نابەرپرسیارانە دێت کارێکی تیرۆریستانەی پلان بۆداڕێژراو کە لەپایتەختی هەرێمی کوردستاندا روویداوە، دەیکاتە بەرنامەی سیاسیی خۆی و دەیەوێت بەجارێك ئاسایش و ئارامی لە کوردستان بشێوێنێت و پیاوانی ئاسایش و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ بخاتە ژێر گوشارەوە بۆ ئەوەی تیرۆریستان لە دەستی یاسا و عەدالەت قوتار بکات؟ ئایا ئەمە ناردنی پەیامی نەوشیروان نییە بۆ پشتگیری لە تیرۆریستان کە لەدوای گیرانی چەند سەرکردەیەکیانەوە بڕیاریانداوە ئارامی لەشارەکانی عێراقدا نەهێڵن و نەوشیروان مستەفاش ئومێدێتی ئارامی و ئاسایش لە کوردستاندا نەمێنێت.

**راگەیاندنەکانی کۆمپانیای وشە و پاشکۆکانیان دەیانەوێت بکوژانی شەهید سەردەشت ونبکەن**

ئایا بەکارهێنانی وشەی دەسەڵات، وەک دەسەڵاتێکی سەرکوتکار، ئیهانەکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان نییە کە دەنگی بە لیستی کوردستانی داوە؟

رۆژی ٢٠١٠/٥/٦ کە هەواڵی دۆزینەوەی تەرمی شەهید سەردەشت بڵاوبۆوە، پەیامنێرانی سایتی گوڵان دەستبەجێ بەدواداچوونیان بۆ ئەم رووداوە کرد و تەنانەت سەبارەت بەم رووداوە لێدوانیان لە بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر عەمید عەبدولخالق و بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر(عەبدوڵڵا عەلی) وەرگرتبوو، هەر لەوێ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە پەیامنێری گوڵانی راگەیاندبوو کە بەدواداچوون لەسەر رووداوەکە دەستپێکراوە، هەر بۆ ئەم هەواڵەی گوڵان سەرۆکی فراکسیۆنی رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران (عیرفان عەزیز) لێدوانی بە پەیامنێرەکەی گوڵان دابوو ئیدانەی کارە تیرۆریستییەکەی کردووە و داوایکردووە کە دەبێت پۆلیس ئەمکارە ئاشکرا بکات، ئەم هەواڵەی گوڵان لە رۆژی ٢٠١٠/٥/٦ و



## پرۆفیسۆر ریچارد رۆسەنفیلد بۆ گوڵان:

# (بە سیاسیکردنی تاوان دەبێتەهۆی لە ناوبردنی بنەما دیموکراسییەکان و زیان بە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پیادەکردنی دیموکراسی دەگەیەنێت



لە کاتژمێر ١,٢٥ خولەکی دوای نیوەڕۆ بڵاو بۆتەوە، ئەمەش واتە ماوەی نێوان رووماڵکردنی هەواڵەکە و بڵاوکردنەوەی کەمتر لە دووکاتژمێری نەخایاندووە، دوای گوڵان کۆمەڵێك سایتی دیکە هەواڵەکەیان لە گوڵان وەرگرتووەو بڵاویانکردۆتەوە، بێگومان مەبەست لە ئاماژەکردن بەم هەواڵەی گوڵان مەبەست ئەوەنییە پیشانی بدەین گوڵان پێش هەمووان هەواڵەکەی بڵاوکردۆتەوە یان نە، بەڵکو مەبەستمان ئاماژەکردنە بە چەند خاڵێك:

١- ئەگەر سەیری لێدوانەکەی بەڕێز بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بکەین کە هێشتا تەرمی شەهید سەردەشت لە موسڵەوە نەگەیشتۆتەوە هەولێر، دەبینن پۆلیسی هەولێر دەستی بە بەدواداچوون لەسەر رووداوەکە کردووە و ئاسایشی هەولێریش ئامادەباشی خۆی پیشانداوە هاوکاری پۆلیسی هەولێر بکات بۆ دۆزینەوەی ئەم کارە دڕندانەیە.

٢- ئەگەر بە وردی سەیری لێدوانی وتەبێژی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکەین کە رۆژی ٢٠١٠/٥/٨ بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بە فەرمانێکی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات، نەك بۆ ئەوەی فەرمان بدات دەست بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەسەر رووداوەکە بکرێت، بەڵکو فەرمانی کردووە لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا پێوەندیدارەکانی دیکەی هەرێم پێکبهێنرێت بۆ پرسی رفاندن و شەهیدکردنی قوتابی سەردەشت عوسمان و لیژنەکەش پێکهێنراوەو لە کارەکانی بەردەوامە، ئەمە ئەگەر بە وردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین واتە: ( بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێندە ئەمکارە دڕندانەیە بێزاری کردووە، تەنیا دوای چەند کاتژمێرێك، وەك بەرزترین دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە ئاستی لێکۆڵینەوە لە کارەساتی شەهید سەردەست بەرز بکرێتەوە بۆ ئاستی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و دەزگا پێوەندارەکانی دیکەی هەرێم، هەروەها وتەبێژەکەی سەرۆکایەتی هەرێم لە لێدوانەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات ئەو لیژنە تایبەتە لە کارەکانی خۆی بەردەوامە، ئەمەش واتە پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت جیاواز لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە ئاساییەکانی پۆلیس و



خەڵکی کوردستان مامۆستا و ئەندازیارانی تیرۆر لە کوردستان دەناسن، ئەوەی ئەبوبکر عەلی نووسەر و شاعیری لەناو جەرگەی شاری سلێمانی بە نوێژی نیوەڕۆوە بەئاشکرا شەهید کرد، ئێستا یەکێکە لە کادرە پێشکەوتووەکانی کۆمپانیای وشە و لە ژێر باڵی نەوشیروان مستەفادا بێ پەروا دانیشتووە

خەڵکی کوردستان دەزانێت، هەر چۆن جەنابی مام جەلال لە پلینیۆمی یەکێتیدا ئاماژەی پێکرد، هەموو ئەو کارەسات و مەینەتیانەی بەسەر میللەتەکەمان هاتووە رۆڵی سەرەکی و کاریگەری نەوشیروان مستەفای تێدا بووە

## مامۆستا عەبدولستار عەبدولمەجید وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی :

# ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی کە ئۆپۆزسیۆنین لەگەڵ ئەوە نین ئەم رووداوە بۆ مەبەستی سیاسیی سوودی لێوەربگیرێت و ئەمە بەشتێکی راست نازانین

**نەوشیروان مستەفا ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵە تۆوی دووبەرەکی لەنێو ریزەکانی خەڵکی کوردستاندا دەچێنێت**

ئاسایش کەمتر لە چەند کاتژمێرێکی خایاندووە).

● پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەبەستمان لە خستنەڕووی ئەم دووخاڵە چی بوو؟ بێگومان مەبەستمان لەو هەڵمەتە چەواشەکاریەیە کە رووداوی شەهیدکردنی قوتابی لاو سەردەشت عوسمان بۆ مەبەستی سیاسیی و بۆ مەرامی سیاسی دەشێوێنن، گوڵان لە رۆژی ٢٠١٠/٥/١٠ جارێکی دیکە بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەم پرسە پێوەندی بە پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان کاروان ساڵح کردوو لێی پرسیوە، لە هەموو وڵاتێکی جیهان تاوان روودەدات رووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە، باشە ئێوە بۆ بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکەن؟ کاروان ساڵح پەرلەمانتاری گۆڕان لە وەڵامی گوڵاندا دەڵێت: (ئێمە ٣-٤ رۆژ نەمانبینی کەس لێدوان بدات، ئێمە داوامان لەپەرلەمان کرد بۆ ئەوەی لایەنی بەرپرسیار بکەوێتە خۆی بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکان دوانەکەون)). بەڵام پرسیاری ئێمە لە خەڵکی کوردستان ئەوەیە ئایا دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بەهەڵڵاو گێرەشێوێنیەکەی کۆمپانیای وشە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە یان بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای کەمتر لە چەند کاتژمێرێك فەرمانی کردووە لەبەر ئەوەی کارەکە کارێکی دڕندانە و جێگەی مەترسیە بۆسەرئاساییشی هەرێمی کوردستان و پێویستە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پێکبهێنرێت؟؟ کاتێك ئەم

**ئایا ئەمە ناردنی پەیامی نەوشیروان نییە بۆ پشتگیری لە تیرۆریستان کە لەدوای گیرانی چەند سەرکردەیەکیانەوە بڕیاریانداوە ئارامی لەشارەکانی عێراقدا نەهێڵن**

هەڵڵاو گێرەشێوێنیە گرێدەدەنەوە بەوەی دەست بە لێکۆڵینەوە نەکراوە، ئایا ئەمەش چەواشەکردنێکی دیکەی خەڵکی کوردستان نییە، باشە ئەگەر مەسەلەکان تێکەڵی یەکتری نەکەین و راشکاوانە لەگەلی کوردستان بپرسین ئایا ئەمە پاساوە بۆ ئەو هەڵڵاو گێرەشێوێنیە؟ با خەڵکی کوردستان خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو پرسە لە عوسمان بانیمارانی ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕانمان پرسی، بۆچی ئەم تاوانە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە بەرگێکی سیاسیی بەربەردا کراوە و وەك مەسەلەیەکی سیاسی دەیقۆزنەوە؟ ئایا باشتر نییە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەمکارە هەڵبستن و هەموولایەك پشتیوانیان بکەین؟ بانیمارانی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (لە هەموو حاڵەتێکدا فیعلەن کۆمەڵگەی مەدەنی و ئۆپۆزسیۆن بە دوودیوی جیا تەعامول لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەکەن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رووی ئینسانی و مرۆییەوە تەعامول دەکەن، ئۆپۆزسیۆن وەك کێشەیەکی سیاسی سەیری دەکات، ئەمەش هەقی خۆیەتی، چونکە ئۆپۆزسیۆنە). سەبارەت بەئاستی مەترسی بە سیاسیکردنی تاوان لەلایەن ئۆپزسیۆنەوە ئەم پرسیارەمان ئاراستەی پرۆفیسۆر راندڵ کۆران تایبەتمەند لە بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی لە کۆمەڵگە و ئوستادی فەلەسەفە لە زانکۆی پیتسپۆرگ کرد: ئایا مەترسی بە سیاسیکردنی تاوان لە



گوڵان
ژمارە (٧٨١)
٢٠١٠/٥/١٧

## حەمەسەعید حەمەعەلی پەرلەمانتاری یەکگرتوو بۆ گوڵان:

# دوژمنانی گەلەکەمان و تیرۆریستان چاویان بەم ئەزموونە هەڵنایەت و دژی ئاسایش و سەقامگیری و دژی گەلی کوردستانن، هەموو یەک هەڵوێستین و دژی ئەو کارە ناشرینانەین کە دژ بە ئەزموونەکەمان ئەنجامدەدرێت

**ئایا دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بەهەڵلاو گێرەشێوێنیەکەی کۆمپانیای وشە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە یان بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای کەمتر لە چەند کاتژمێرێک فەرمانی کردووە لیژنەیەکی تایبەتی بۆ پێکبهێنرێت؟؟**

کۆمەڵگەی دیموکراتی چەند مەترسیدارە؟ لەوەڵامدا پرۆفیسۆر رانداڵ بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی گوڵانی دایەوە: (( نازانم مەبەستی ئێوە لە بە سیاسیکردنی تاوانەکان چییە. لە وڵاتە دیموکراسییە پێشکەوتووەکاندا یاسای سزاکان بۆ ئەوە دانراون کە هەڵبستن بە پاراستنی ژیان و ئازادی و مافی موڵکداریێتی هاووڵاتیان، هەروەها بۆ پاراستنی ئازادی و مافی موڵکداریێتی رێکخراو و کۆمەڵە و پرۆژە بازرگانییەکان. تاوانە سیاسییەکان جۆرێکی زۆر بەرتەسکی تاوانەکانن، وەك ئەنجامدانی خیانەت و داڵدەدانی دوژمن لە کاتی شەڕدا. کەواتە «بە سیاسیکردنی» تاوانەکان زیانێکی زۆر بە دیموکراسی دەگەیەنن.) هەر سەبارەت بەم پرسە هەمان پرسیاریشمان لە بەڕێز مامۆستا عەبدولستار عەبدولمەجیدی وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامیکرد کە ئەوانیش لایەنێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنن لە کوردستان بەوەی ئایا ئەوە راستە ئەم تاوانە بخرێتە قاڵبێکی سیاسیی و بۆ مەرامی سیاسی بەکاربهێنرێت؟، لەوەڵامدا بەمشێوەیە وەڵامی داینەوە: ( ئەو مەسەلەی کوشتن و رفاندن دیاردەیەکە لە هەموو شوێنێکی جیهان هەیە، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەمە لە کوردستان نەبۆتە دیاردە و حاڵەتێکە، ئێمە وەك کۆمەڵی ئیسلامی ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستیە دەکەین، بەڵام ئێمە وەك ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوە نین ئەم رووداوە وەك بۆ مەبەستی سیاسیی و بۆ پەیداکردنی لایەنگیر بۆ کۆمەڵ سوودی لێوەربگرین، ئێمە ئەمە بەشتێکی راست نازانین، بەڵام وەك ئەوەی رێگەی لێبگرین و نەهێڵین ئەو جۆرە کارانە دووبارە ببنەوە، ئەوا ئیدانەی دەکەین و دەمانەوێت تاوانباران رادەستی یاسا بکرێن و ئەمەش لە چوارچێوەی یاسا بەکارێکی دروست دەزانم)، سەبارەت بە تۆمەت بەشینەوەی سیاسیی لەم رووداوەش دژی ئەم لایەن و ئەو لایەن، پرسیارمان لە بەڕێز حاجی بیلال ئەندامی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی کوردستان کرد و لەوەڵامی گوڵاندا وتی: ( دروستبوونی ئەم حاڵەتە جێگەی نیگەرانیە، ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە سوودیان لە بۆشایی وەرگرتووە، دەبێت ئەو بۆشاییانە پڕبکرێنەوە، ئەوانە ئەو خەڵکانەن دەیانەوێت سومعەی کوردستان لەکەدار بکەن، ئەوجا لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بن یان لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتبنە ژوورەوە، بۆیە جائز نییە تۆمەت ئاراستەی کەس بکرێت و دەبێت ئەم مەسەلەیە رووبەڕووی یاسا بکرێتەوە)، سەبارەت بە هەڵوێستی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیش لەپەرمانی کوردستان لە پەرلەمانتار حەمەسەعید حەمەعەلیمان پرسی ئێوە چۆن سەیری ئەم رووداوە دەکەن؟ ئەویش بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی: ( هەر ئەوە دووبارە دەکەمەوە، ئەزموونی کوردستان لە رووی ئاسایشەوە سیمایەکی جوانی هەیە، دوژمنانی گەلەکەمان و تیرۆریستان چاویان بەم ئەزموونە هەڵنایەت و دژی

**«بە سیاسیکردنی» تاوانەکان زیانێکی زۆر بە دیموکراسی دەگەیەنن**



# پرۆفیسۆر سترگویس سکارپێدس بۆ گوڵان:

## لەساڵانی پەنجاکاندا ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری تۆڕەکانی مافیا و رێکخراوە تاوانکاریەکانیان دەکرد گوشاریان لەسەر پۆلیس دروست دەکرد بۆ ئەوەی تاوانباران نەدرێنە دادگا.



**پرۆفیسۆر سترگویس سکارپێدس لە زانکۆی کالیفۆرنیا کە پسپۆڕ و تۆژەرە لە سەنتەری ئارڤین بۆ دیراساتی تەنگژەکان و ئاشتی جیهانی: پێی راگەیاندین ئەوانەی کە بەوجۆرە گوشار دەخەنە سەر پۆلیس بۆ ئەوەی رەوتی لێکۆڵینەوەکان بەئاسایی نەڕۆن، ئەو لایەنە سیاسییانە خۆیان بەشێکن لەو مافیانانەی ئەو جۆرە کارانەیان ئەنجامداوە**

**لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێجگە لە سەرانی گۆڕان و راگەیاندنی کۆمپانیای وشە و پاشکۆکانیان هەموو لایەک دژی ئەوەن کە تاوانێک یان کارێکی تیرۆریستی کە لەکۆمەڵگە روودەدات بەوجۆرە ناشرین و بێزراوەی کۆمپانیای وشە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت**

سەقامگیری و دژی گەلی کوردستانن، هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەموو فراکسیۆنەکان لەسەر مەسەلە نیشتمانیەکان و دیموکراتی و ئازادی یەك هەڵوێستین و دژی ئەو کارە ناشرینانەین کە دژ بە ئەزموونەکەمان ئەنجامدەدرێت)).

سەبارەت بە رووداني تاوانیش لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا چۆنیەتی مامەڵەکردنی پۆلیس و دەزگا پێوەندارەکان لەگەڵ ئەو رووداو و کارە تیرۆریستییانەی لەو کۆمەڵگانە روودەن، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ریچارد رۆسەنفیلد پسپۆڕ لە تاوانی توندوتیژی و تاوانی رێکخراو، چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەو جۆرە تاوانانە، لە زانکۆی میسۆری کرد و لێمان پرسی: کاتێك هێزەکانی پۆلیس دەست بە لێکۆڵێنەوە دەکەن، ناتوانن راپۆرتەکانیان دەربارەی بەرەوپێشچوونی لێکۆڵینەوەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکەن، بەڵام ئەگەر هاتوو هێزەکانی پۆلیس لەژێر فشاردابوون چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا دەکەن؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر رۆسانفیلڵد بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی گوڵانی دایەوە: ((ئێوە پەنجە دەخەنەسەر گرفتەکە، لەبەر ئەوەی لە لایەك هێزەکانی پۆلیس ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە رای گشتی لە رەوتی لێکۆڵینەوەکان ئاگادار بکەنەوە، لە لایەکی دیکەوە نابێت ئەوەندە زانیاری بڵاوبکەنەوە کە گومانلێکراوەکانی سوودی لێوەربگرن، کەواتە دەبێت ئەم هاوسەنگیە رابگرن. هەروەها دەبێت ئێمە بزانین کە لە زۆربەی تاوانەکانی کوشتندا هێزەکانی پۆلیس لە ماوەیەکی کەمدا تاوانبارەکان ئاشکرادەکەن، بۆیە هاووڵاتیان گرنگیەکی زیاتر بە تاوانە گەورەکان دەدەن، کە خوازیاری ئەوەن لە هەموو هەنگاوێکی لێکۆڵینەوە ئاگادار بکرێنەوە.)) سەبارەت بەوەشی ئەگەر ئەمجۆرە تاوانانە بۆ مەبەستی سیاسیی بەکارهاتن ئایا پرۆسە دیموکراسیەکە تاچەند دەکەوێتە مەترسیەوە و تاچەند سیستمی دادوەری لە وڵاتدا زیانی پێدەگات؟ لەوەڵامی پرسیاری ئەم راپۆرتەشدا پرۆفیسۆر رۆسانفیلڵد وتی: ((پۆلیس لە چوارچێوەی سنوورە دەستووری و یاساییەکاندا ئەرکەکانی خۆیان ئەدا ئەکەن، واتە یاسا ئەوە دیاری دەکات کە هێزەکانی پۆلیس دەتوانن تا چ رادەیەك هێز بەکاربهێنن یاخود چۆن کەسێکی دیاریکراو دەستگیر بکەن و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن و بیپشکنن، لە راستیدا بە سیاسیکردنی تاوان یاخود بوونی هێزەکانی پۆلیس بە یەکێك لە ئامرازەکانی دەستی پارتێکی سیاسی دیاریکراو، ئەمە دەبێتەهۆی لە ناوبردنی بنەما دیموکراسییەکان و ئەمەش زیان بە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پیادەکردنی دیموکراسی دەگەیەنێت.))

سەبارەت بە دروستکردنی گوشاری سیاسیش لەسەر پۆلیس و تێکدانی رەوتی رووداوەکانی لێکۆڵینەوە، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سترگویس سکارپێدس لە زانکۆی کالیفۆرنیا کرد کە پسپۆڕ و تۆژەرە لە سەنتەری ئارڤین بۆ دیراساتی تەنگژەکان و ئاشتی جیهانی، لەوەڵامدا راشکاوانە ئەوەی پێی راگەیاندین ئەوانەی کە بەوجۆرە گوشار دەخەنە سەر پۆلیس بۆ ئەوەی رەوتی لێکۆڵینەوەکان بەئاسایی نەڕۆن، ئەو لایەنە سیاسییانە خۆیان بەشێکن لەو مافیانانەی ئەو جۆرە کارانەیان ئەنجامداوە و وتی: ( لەساڵانی پەنجاکاندا کێشەیەکی دیکە لە ئارادابوو کە ئەویش بریتی بوو لە فشار دروستکردن لەسەر هێزەکانی پۆلیس لە لایەن ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی کە بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری تۆڕەکانی مافیا و رێکخراوە تاوانکارییەکانیان دەکرد، بۆ نموونە لە ئیتاڵیادا ئەوە ئاشکرابوو کە جولیانۆ ئەندریۆتیك، بۆ ماوەیەکی دووردرێژ و بە شێوەیەکی نهێنی هاوکاری و پاڵپشتی مافیاکانیان کردووە، کە دواتر دەرکەوت چەندین کەسایەتی سیاسی دیکە بە هەمان شێوە پێوەندیان لەگەڵ تۆڕەکانی مافیادا هەبووە. کەواتە هەندێ جار لە وڵاتانی ئەوروپا و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا روودەدات هێزەکانی پۆلیس بکەونە ژێر فشاری سیاسییەکانەوە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەی لێکۆڵینەوەدا)).

دوای ئەم بەدواداچوونە لەسەر مەترسیی بەسیاسیکردنی ئەم تاوانە و قۆزتنەوەی لەلایەن کۆمپانیای وشەوە بۆ مەبەستی سیاسیی و دژایەتی لایەنێکی سیاسیی،

هەقە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا بۆ چ مەبەستێك کۆمپانیای وشەو پاشکۆکانی ئەم کارە دەکەن؟

## بۆچی کۆمپانیای وشە و پاشکۆکانی وەك تەیرێك نەشاز دەخوێنن؟

ئێمە لەم راپۆرتەی گوڵان راو بۆچوونی هەموو لایەنە کوردستانییەکانمان وەرگرتووە بەو لایەنانەی ئۆپۆزسیۆنن و هەروەها لە لیستی کوردستانیش کە لایەنی دەسەڵاتن، هەر بۆ بەرچاو ڕوونیی خوێنەرانی گوڵانیش پێوەندیمان بەچەندین پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر ئاستی جیهان کردووە و لەم راپۆرتە بۆچوونەکانیان بڵاوکراوەتەوە، ئەوەی تێبینی دەکەین چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و چ لەسەر ئاستی ناوخۆ بێجگە لە سەرانی گۆڕان و راگەیاندنی کۆمپانیای وشە و پاشکۆکانیان هەموو لایەك دژی ئەوەن کە تاوانێك یان کارێکی تیرۆریستی کە لەکۆمەڵگە روودەدات بەوجۆرە ناشرین و بێزراوەی کۆمپانیای وشە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو شێوازە هێندە قێزەوەنە کە بێجگە لە ئایدۆلۆژیەتی نەوشیروان مستەفا و پێڕەوانی ئەو ئایدۆلۆژیەتە کەسی دیکە بە راستی نازانێت، بۆیە کاتێك ئەو دیاردە بێزراو ئەو مامەڵە نامرۆڤایەتیانەی کۆمپانیای وشە لەگەڵ خوێنی شەهید سەردەشت بەو جۆرە دەکرێت، جێگەی خۆیەتی لە خەڵکی کوردستان بپرسین، ئایا بۆچی ئەم تاقمە وەك تەیرێکی ناشاز بەوجۆرە دەیانەوێت خوێنی شەهید سەردەشت بکەن بە قوربانی خواستەکانی خۆیان؟ پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو هۆکارانە چین وا لە سەرانی کۆمپانیای وشە دەکەن بەو جۆرە و بێ باکانە و بێ گوێدانە هیچ مەسەلەیەك رەوشی هەرێمی کوردستان ئاڵۆز دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیەتە سەرکوتکارییەکەی نەوشیروان مستەفا کە ماوەی ٤٠ ساڵە دەیەوێت دژی گەلی کوردستان پیادەی بکات، بەڵام سەرکەتوو نەبووە و ئەمجارەش پشت بەخواو بەهیمەتی گەلی کوردستان سەرکەتوو نابێت و ئەمڕۆ بێت یان سبەی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا دەکرێن، ئەوکاتە گەلی کوردستان دەزانن کە نەوشیروان مستەفا و راگەیاندنی کۆمپانیای وشە و پاشکۆکانیان چۆن هەست و سۆزی خەڵکی کوردستانیان لە پێناوی سەرکەوتنی پیلانی گومڕای تاقمێ ژێر پێ ناوە وگاڵتەیان بە هەستی خەڵکی کوردستان کردووە، لە کۆتاییدا ئەوە بە پێویست دەزانین کە ئەو چەند دێرەی پرۆفیسۆر ئیمام عەبدولفتاح لە پێشەکی کتێبی ( سەرکوتکار — الطاغیە) ئاماژەی پێکردووە، بیکەینە کۆتایی ئەم راپۆرتە کە نووسیویەتی : حەزرەتی مەسیح دەڵێت : (بۆ مرۆڤ چ سوودێکی هەیە کە هەموو دنیا بباتەوە و خۆی بدۆڕێنێت) هەتا ئەگەر وامان دانا هەندێك رەفتاری سەرکوتکار ئیجابیەتیشی هەبوو، بەڵام ئایا بەهای ئەو ئیجابیاتە چییە؟ ئەگەر باجەکەی ئەوەبێت سوکایەتی بەمرۆڤ بکرێت و بەها بەرزەکانی ژێر پێ بنرێت، گەل بکرێتە پەیکەرێکی ئێسکی و مێشکی بسڕێتەوە و بەسەر شەقامەکاندا بجوولێنرێن).

ئایا بۆچی ئەم تاقمە وەک تەیرێکی ناشاز بەوجۆرە دەیانەوێت خوێنی شەهید سەردەشت بکەن بە قوربانی خواستەکانی خۆیان؟ ئایا ئەو هۆکارانە چین وا لە سەرانی کۆمپانیای وشە دەکەن بەو جۆرە و بێ باکانە و بێ گوێدانە هیچ مەسەلەیەک رەوشی هەرێمی کوردستان ئاڵۆز دەکەن؟

هەست و سۆزی خەڵکی کوردستانیان لە پێناوی سەرکەوتنی پیلانی گومڕای تاقمی نەوە ژێر پێ ناوە وگاڵتەیان بە هەستی خەڵکی کوردستان کردووە





### شوان کابان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان:

# تۆمەتبارکردنی ئەم و ئەو لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە کەم سەلیقەیی سیاسیی پێوە دیارە

دیاردەی ترس و تۆقاندن لەسەرتاسەری دنیا بڵاوبۆتەوە و وڵاتە گەورە و زلهێزەکانی جیهانیش بەدەستیەوە دەناڵێنن

سەبارەت بە رووداوی رفاندن و شەهیدکردنی قوتابی لاو سەردەشـت عوسمان و روودانی ئەمجۆرە تاوانانە لە کۆمەڵگە، پەرلەمانتار شـوان کابان وتی: ( دیاردەیەکی لەو جۆرە تەنیا تایبەت نییە بە هەرێمی کوردسـتان، دیـاردەی ترس و تۆقاندن لەسەرتاسـەری دنیا بڵاوبۆتەوە و وڵاتە گەورە و زلهێزەکانی جیهانیش بەدەستیەوە دەناڵێنن، وڵاتێکی وەك ئەمریکا هەفتەی رابردوو ئەو ئۆتۆمبێلەیان دەسـت بەسـەردا گرت کە بە نیازبوو لە نیویۆرك بتەقێنرێتەوە، ئەوجا بۆیە وڵاتێکی وەك ئەمریکا کە خاوەنی ئەو هەموو هێزەبێت، بەدەسـت کاری تیرۆریسـتییەوە بناڵێنێت، ئەوا هەرێمی کوردسـتانیش لـەو حاڵەتە بـەدەر نییە، لەبەر ئـەوەی لەناو هەرێمی کوردستان ئاسـایش و سەقامگیری هەیە، بۆیـە خەڵکانێك هەن لە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتانیش ئەو وەزعەیان پێناخۆشـە، پێموایە ئەمە دەرهاویشتەی ئەو باردۆخەیە و شتێکی نامۆ نییە بۆ ئەم سەردەمە، ئێستا لەسەر ئاسـتی نێودەوڵەتیش تیرۆر کێشەی بۆ زۆر وڵات دروسـتکردووە کە لەهەموو روویەکەوە لە هەرێمی کوردستان بەتواناترن، بەو هەموو ئیمکانیەتەی بۆیان تەرخانکردووە ئەو دیاردەیە لەو وڵاتانە زۆر لە کوردسـتان زیاتـرە.) هەروەها سـەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی هەندێك دەزگای راگەیاندن بەگشتی و دەزگای راگەیاندنی کۆمپانیای وشە لەگەڵ ئەم رووداوە، بەڕێزی وتی: ( لەدەستدانی ژیانی هەر کەسێك ئەوجا بەهەر هۆیەك بێت، جێگـەی داخ و نیگەرانییە، تەنانەت ئەوانەشـی لە رووداوی هاتووچۆ گیانیان لەدەست دەدەن، لایەنە پێوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرپرسیاریەتی ئەوانیش دەخەنە ئەسـتۆی خۆیان، لە مەسەلەی تیرۆریشدا پێش هەموو کەس سـەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمـان و حکومەتی هەرێـم خۆیان بە بەرپـرس دەزانن، لە هەموو کەس و لایەنێك زیاتر خۆیان بەپەرۆشتر دەزانن بۆ سەلامەتی گیانی هاووڵاتیان و پێش هەموو کەسێکیش دێنە دەنگ و دێنە دەستیش، بەڵام بەداخەوە دەڵێم ئۆپۆزسـیۆن دیارە ئـەوە بە وەزیفەی خۆی دەزانێت کە لەگەڵ ئەو مەسـەلەیە بەوجـۆرە مامەڵە بکەن و بێنە دەنگ، وەك بینویومانـە و دەیبینین، ئەمە بەڕاسـتی دیاردەیەکی تەندروسـت نییـە، جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە لەدەسـتدانی گیانی کەسـێك جێگەی داخ و ئەسەفە و هیچ مرۆڤێك پێی خـۆش نییە مرۆڤێکی دیکـە ژیان لەدەسـت بدات، بـەڵام ئەم مەسـەلەیە لە قەبارەی خۆی زیاتر گەورە کراوە و ئەو تەوزیفکردنەشی کە ئۆپۆسیۆن مەسـەلەکەی تەوزیف کـردووە، جێگەی سـەرنج و تێبینیە، ئەمڕۆ لـە پەرلەمانی کوردستان ( مەبەسـتی ٢٠١٠/٥/١٠یە) بەشـی زۆری سـەرۆك فراکسـیۆنەکان تەئکیدیـان لەسـەر ئـەوە دەکـردەوە ئەو مەسـەلەیە لە قەوارەی خۆی زیاتر گەورە کراوە، خەڵکی تووشی دڵەراوکێ و ترساندن کردووە، هەندێـك لە دەزگاکانی راگەیاندن وایانکردووە جۆرێك لەمەترسی لەناو خەڵك دروسـت ببێت، کە لەبنەڕەتدا مەسـەلەکە بەوجۆرە نییە.) لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەو تۆمەتانەی دەزگای راگەیاندنی وشە و چەند دەزگایەکـی راگەیاندنی دیکەی پاشکۆی کۆمپانیای وشە کە بەبێ بەڵگە تۆمەت دەبەشنەوە و ئەو لایەن و ئەو لایەن تاوانبار دەکەن، شوان کابان راشکاوانە وتی: ( پێموایـە پەلەکردن لـە تۆمەتبارکردنی خەڵـك و لایەن و گـرووپ کارێکی باش نییـە و کەم سـەلیقەیی پێوەدیـارە، هەر کەسـێك تۆمـەت ببەشـێتەوە و پاشـان رەوتی لێکۆڵینـەوەکان وادەرنەچن، پێموایە زەرەرمەنـدی یەکەم ئەو لایەنـە دەبێت.) سـەبارەت بە کاریگەریی سلبی ئەمجۆرە مامەڵەیەش لەگـەڵ رووداوێکی لەوجۆرە پەرلەمانتار شـوان کابـان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو: (ئەو ئاسایش و ئارامی و سەقامگیریەی لەکوردستاندا هەیە و دۆست و دوژمن شـایەتی بۆ دەدا، ئەوە بەرهەمی شـەونخوونی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی کوردستانە، بۆیە ئێمە فەخر و شانازیان پێوە دەکەین، بەڵام دیسان داوای زیاترمان لێیان هەیە و داوایان لێدەکەین چۆن هەموو کات توانیویانە ئارامی و سەقامگیری کوردستان بپارێزن، ئێسـتاش زیاتر هەوڵەکانی خۆیان بخەنەگەڕ و ئەو دەستە رەشانە بدۆزنەوە کە ئەو کارەیـان ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو تۆمەتانە پوچەڵ بکەنەوە.))

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش تیرۆر کێشەی بۆ زۆر وڵات دروستکردووە کە لەهەموو روویەکەوە لە هەرێمی کوردستان بەتواناترن